# بوونە بەشێک لە شتێکی ئایندە



خالید ساڵح

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

نێچیرڤان بارزانی لە حوەزیرانی ٢٠٠٩دا رایگەیاند حکومەتی هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانمان بە شێوەیەکی بنیاتنەر بۆ بەرژەوەندی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق، و بۆ بنیاتنانی ئاییندەیەکی باشتر بۆ خۆمان و دراوسێکانمان، هەروەها بۆ نەوەکانی داهاتووش.

لە ســـەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا، وینســـتۆن چەرچـــڵ بڕیاریدا هێـــزی دەریاوانی پاشـــایەتی، کە هێمای هێزی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بوو، چیتر پشت بە خەڵۆزی گەرنەتیکراوی وێڵش نەبەســـتێت، بەڵکو بیگۆڕێت بە کاڵایەکی نوێ لە خاکێکی دوورە دەســـت و زەمانـــەت نەکـــراودا. کاڵا نوێیەکە پێـــی وترا نەوت و کەوتبـــووە ئەو خاکەوە کە ئێســـتا پێـــی دەڵێن ئێران. چەرچڵ سەرســـەختانە ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆوە بەهۆی ئەم بڕیارەوە. سەرەڕای ئەوەش، پێیداگرت لەسەر ئەوەی بناغەی باڵادەستی دەریایی ئیمبراتۆریەتەکە نەوت بێت. ئەو ڕایگەیاند کە «باڵادەســـتی خەڵاتی سەرکێشیە و هەمـــوو وزە و گوڕ و تینیی خۆشـــی بۆ ئەم ئامانجە تەرخان کرد.

لەو کاتەوە، نەوت بەســـەر سیاســـەت و بزنسی جیهاندا زاڵبوو. دووبارە پرســـی نەوت زاڵبۆوە بەسەر سیاسەتی جیهاندا کاتێك ســـەددام حوســـێن کوەیتی داگیرکرد و کردیە بەشـــێك لە وڵاتەکەی لە ئابی ١٩٩١دا. ئەگەر ڕێگە بە عێراق بدرایە کوەیت کۆنتڕۆڵ بکات، ســـەدام حوسێن دەبووە کەسایەتیەکی ئیقلیمی باڵادەست و ڕەنگە کەســـایەتیەکی جیهانیش. ڕەنگـــە بیتوانیایە تێڕوانین و خواســـتی سیاسی خۆی بەســـەر بەشەکانی دیکەی جیهاندا بســـەپاندایە. سەددام حوســـێن ئامادەبوو نرخی باڵادەستبوونی بەسەر نەوتدا بدایە. سەرکردەی ئەمریکا و گەلێك لە وڵاتانی دیکە ڕێگایان نەدا ئەو خواســـتە زاڵبوونە بەرجەستەبێت. بەڵام هەموو باڵادەستیەك بەسەر نەوت هەمان سروشتی باڵادەستی سەددام حوسێن نییە. زۆرێك لە وڵاتـــە بەرهەمهێنەرەکانی نـــەوت، نەوت و دەســـەڵاتەکەی (لە ڕووی ئابووری و ستراتیجیەوە) بۆ باشـــترکردنی کۆمەڵگەکانیان و بۆ باشترکردنی جیهان بەکار دەهێنن.

بەشـــداری نـــەوت لە باشـــترکردن و بەرەوپێشـــبردنی ســـەرمایەداری و مۆدێرنیزەکردنی بزنســـی جیهانیدا، بەشـــداربوونێکی بنەڕەتیە. گەڕان بەدوای نەوتدا هەم مەترسی و هەم دەستکەوتی بەدواوەیە. بۆی هەیە ببێتە مایەی ڕزگاری یـــان وێرانکردنی وڵات و هەرێمەکان. بۆی هەیە نەوت ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی تاکەکەس و کۆمپانیـــا و تەواوی وڵاتان. ســـەرەڕای شۆڕشـــی ئەلەکترۆنـــی و ئەو ســـەروەتەی بەرهەمـــی دەهێنێت، خاوەنداربوونی نەوت وەك خاوەندارێتی پارە وایە. پرسیارە یەکلاکەرەوەکە ئەوەیە چۆن بەڕێوە دەبردرێت، لەلایەن کێ و بۆ چ مەبەستێك.

هەروەها جیـــاواز لە پارە، نـــەوت توخمێکی جیاوازی دەسەڵات دەستەبەر دەکات. هێز و پێگەیەکی ستراتیجی تایبەت لەسەر شانۆی جیهان بۆ وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت دابین دەکات. هەر لە ســـەرەتای ساڵی ١٩٩٠وە هۆکاری زۆرێك لە شەڕ و ناکۆکیەکان کۆنتڕۆڵکردنی یەدەگی نەوت و زەمانەتکردنی دەستڕاگەیشتن بە نەوت بووە.

لـــە زۆر ڕووەوە، نـــەوت بۆتە توخمێکـــی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا. و هەندێ کەس باسی ئەوە دەکەن کە پێویســـتە باس لە «کۆمەڵگـــەی هایدرۆکاربۆن» بکەین. و تەنانەت ڕەنگە بە تاکەکەســـی مۆدێرن، بڵێین «مرۆڤی هایدرۆکاربۆن» ئێمە ڕۆژانە بەرهەمی نەوت بەکاردەهێنین بێ ئەوەی چیتر بیری لێبکەینەوە. کارەبار کاتژمێرەکانـــی کارکردنی درێژکردەوە. لە پڕێکدا بابەتە کانزاییە قورسەکان، وەك ئۆتۆمبێل، تراکتۆر، فڕۆکە و ســـەتەلایت و تاد، بەهۆی نەوتەوە کەوتنە سوڕانەوە. لە ڕاستیدا نەوت وایکردووە لە کوێ و چۆن بژین، گەشت و گەڕان بکەین، هەروەها پەرە بە بەرهەمی کشتوکاڵی زیاتـــر بۆ دابینکردنی خۆراك بۆ دانیشـــتووانی ڕوو لە زیادبووی جیهان، و خانوو دروست بکەین و ژمارەیەکی زیاتـــری بەرهەمەکانی دیکە دروســـت بکرێن. هەندێ کەس مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەگەر بەرهەمی نەوت بوەستێت، ئەوا تەواوی شارستانیەتی هاوچەرخ هەرەس دەهێنێت.

هێزە هەڵکشـــاوەکان، وەك چین و هیندســـتان، هەروەها ئابووریە هەڵکشـــاوەکان نەوتی زیاتر و زیاتریان دەوێت. هەروەها هەرێمی کوردســـتان شایەتی داواکاریەکی زۆر بـــۆوە بۆ ئەو نەوتـــەی لە ســـاڵی ٢٠٠٣وە بەرهەمی دەهێنێت. نزیکەی هەموو کارەکانی بنیاتنان و چالاکیە ئابووریەکانی دیکە پشـــت بە نەوت دەبەستن. پێدەچێت ئەگەری گەشـــەکردنی تەواوی کۆمەڵگەکە پشـــت بە فەراهەمبوونی نەوت و غاز ببەســـتێت. لە زۆر ڕووەوە، ئەمە هەواڵێکی زۆر دڵخۆشـــکەرە بـــۆ هاووڵاتیانی کوردســـتان: کـــە بتوانن دوای دەیەها ســـاڵ شـــەڕ و ماڵوێرانی پەرە بە کۆمەڵگەیەکی ئاسایی بدەن کە تێیدا برەو بە سەروەت و ســـامان و گەشەکردنی بدات. جێی سەرســـوڕمان نییە کە هاووڵاتیانی ئاسایی حەز بکەن چەشنی خەڵکانی دیکە لە کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و سەلامەتدا بژین.

لە دوای دۆزینەوەی نەوت لە عێراقدا سیستمی سیاسی وڵاتەکە بەرەو مەرکەزیبوون هەنگاوی هەڵگرت. کاتێك هێزە ناسیۆنالیســـتە عەرەبەکان لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەســـەڵاتیان گرتەدەست، پرۆسەیەکی بەهێزتـــری بـــە مەرکەزیکـــردن بووە هـــۆی ئەوەی میکانیزمەکانی بڕیارسازی لە عێراقدا دەوڵەتەکە بەرەو دەوڵەتێکـــی دەســـتدرێژیکارتر و وێرانکارتـــر ببات، لە دەرئەنجامدا ڕاگواستنی ناچاری دانیشتووان و پاکتاوی

**زۆرێک لە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت، نەوت و دەسەڵاتەکەی (لە ڕووی ئابووری و ستراتیجیەوە) بۆ باشترکردنی کۆمەڵگەکانیان و بۆ باشترکردنی جیهان بەکار دەهێنن**

ڕەگەزی و جینۆساید پیادە کران بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتەکە.

لەساڵی ١٩٣٠دا ئیسماعیل بەگی ڕواندز گوزارشتی لە نیگەرانیەك کرد کە بۆتە خەسڵەتێکی سیستماتیکی سیاسەتەکانی عێراق، ئەویش کاتێك داهاتی نەوت بووە سەرچاوەی سەرەکی داهات بێ ئەوەی چاودێری و لێپرسینەوەی پێویست لە حکومەت بکرێت. ئیسماعیل بەگ وتی: «دەکرێت ئەو داهاتە زۆرەی عێراق لە ڕێی کێڵگە نەوتیەکانەوە بەدەستی دەهێنرێت بۆ هاوکاری کردنی ئێمە بەکاربهێنرێت، لەبری ئەوەی بۆ بەرپاکردنی شەڕ لەم شاخانەدا بخرێنەگەڕ و کوردەکان بکەنە دژ و دوژمن. ئەوەتان لە یاد بێت کێڵگە نەوتیەکان لە کوردستانن، کەواتە هەندێ ما فمان هەیە کە سوودمەندبین لە داهاتەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دەستکەوتی ئێمە لە نەوتی خۆمان بریتی بووە لە بۆمب و فیشەك.»

لە وڵاتێکی شکستخواردوی وەك عێراقدا، داهاتی نەوت بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ بەکارهات لە دژی پێکهاتە جیاوازەکانی دانیشتوانی وڵاتەکە. هەروەك ئیسماعیل بەگ باسی دەکات، کوردەکان یەکەم کەس بوون ڕووبەڕووی ئەم سیاسەتە بوونەوە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو. هەرچۆنێك بێت، ئەمە تەنها سەرەتا بوو. تاوەکو داهاتی زیاتر بهاتایەتە سەر بودجەکە، حکومەتەکە کەمتر شەفاف دەبوو لە بواری خەرجکردندا وماڵوێرانی زیاتر ڕووی دەکردە وڵاتەکە.

لە ساڵی ١٩٧٤دا، سەرکردەی ئەفسانەیی کورد، جەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی، بە گوین ڕۆبەرت، کە فیلمسازێکی بەریتانی بوو، وت کە «نەوت نەفرەتیەك بوو ئاییندەی کوردەکانی شێواند». هۆکاری ئەمە ڕوون بوو. لە کاتێکدا ئاهەنگ بۆ بە خۆماڵیکردنی نەوت سازدەکرا لە عێراق و جیهانی عەرەب و سۆشیالیستیدا، لەبەر ئەوەی بە هەنگاوێکی گرنگی دژ بە کۆلۆنیاڵی و دژ بە سەرمایەداری دادەنرا، کوردەکان شایەتی پرۆسەیەکی چڕی سەرکوتکاری بوون، هەر لە دەرکردنی کوردەکانەوە لە کەرکوك و بواری پیشەسازی و خزمەتگوزاری نەوت بۆ ڕاگواستنی زۆرەملێی خێزان و تاکەکەسەکان تاوەکو کوشتنی بە کۆمەڵ و جینۆساید.

لە تەواوی مێژووی مۆدێرنی عێراقدا، هۆکاری هەموو ئەو سیاسەتە وێرانکاریانە نەبوونی بەرپرسیارێتی و چاودێری و لێپرسینەوەیەکی ڕوون بوو لەسەر ئەو سەروەت و سامانە بێشومارەی بەهۆی بەرهەمی نەوتەوە کەڵەکە دەبوون. ڕەنگە نە ئیسماعیل بەگ و نە جەنەراڵ مستەفا بارزانی بە تەواوەتی وێنای ئاستی ئەو کاولکاریەیان نەکردبێت کە لەسەر دانیشتووانی کوردستاندا دێت لە نیوەی دووەمی ١٩٨٥ـەوە کە تێیدا سەدام هەڵمەتی

## هەرێمی کوردستان سەرقاڵی پرۆسەیەکی سیاسی بنیاتنەرن کە بڕیاری بوێرانە دەدەن بۆ جێبەجێکردنی دەستووری فیدراڵی بۆ ئەوەی داهاتی نەوت بەکاربهێنرێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق، بۆ گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و وڵاتەکە و بۆ پیشاندانی نموونەیەکی باش لە ڕێی ڕاکێشانی ملیارەها دۆلارەوە بۆ هەرێمەکە

بەدناوی ئەنفالی ئەنجامدا کە سەریکێشا بۆ وێرانبوونی زیاتر لە ٤٠٠٠گوند و کوشتنی زیاتر لە ١٨٠،٠٠٠ کەس.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم مێژووە تراژیدیە، سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان سووربوون لەسەر ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوانەی ڕابردوو، کاتێك چالاکانە پشتیوانیان لە ڕامالینی ڕژێمی سەددام حوسێن کرد لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن ئەو هاوپەیمانێتیەی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد. لە کۆبوونەوەی موعارەزەی لەندەندا لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢دا- کەئەمریکا پشتیوانی دەکرد-، کوردەکان پێداگیریان لەسەر ئەوە کردووە کە پێویستە عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵیەت بنیات بنرێتەوە. یەکەم ڕێککەوتنی سیاسی- کە بەرهەم و بەرەنجامی گفتوگۆ بوو- دوای سەددام حوسێن و لە مارتی ٢٠٠٤ لە شێوەی دەستوورێکی کاتیدا هاتە ئاراوە کە پێی دەوترا یاسای ئیداری بۆ قۆناغی ئینتیتقالی، TAL کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی فیدرالیزم وەك پرەنسیپێکی سەرەکی عێراقی لەسەر بنیات بنرێتەوە.

جەولەی دووەمی گفتوگۆکان بەوە کۆتایی هات کە گەیشتن بوو بە ڕێککەوتنێك لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە لەلایەن چوار لەسەر پێنجی دەنگدەرانی عێراق لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا پەسەندکرا. ئەمە وەك خاڵێکی وەرچەرخانی دراماتیکی مێژوویی بوو بۆ سەرجەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. دواجار پرۆسەی بڕیارسازی مەرکەزی بەهێز شکێنرا.

هەرێمی کوردستان دوو ئامانجی گرنگی بەدەستهێنا: بووە قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەر لە چوارچێوەی عێراقدا و بووە شەریکێکی بایەخدار لە عێراقی فیدراڵیدا. بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی نەوت و دابەشکردنی داهاتەکانی بەشێکی بنەڕەتی بوون لە هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی گفتوگۆیان لەسەرکرا، کە بواریاندا هەرێمەکە ببێتە هاوبڕیاردەر لە پەیوەندیدا بە کێڵگە بەرهەمهێنەرەکانەوە، دەسەڵاتی حەسریشی پێدا لە پەیوەندیدا بە دۆزینەوەی نوێ و دابەشکردنی داهاتەکان بەپێی دەستوور.

ئەمە بووە بناغەی ئەوەی لە ئێستا و ئاییندەدا کوردستان وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە لە ٢٠٠٣دا. خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی باوەڕیان وایە کە ئەو تەرتیباتە کۆتایی بە بازنەی بەتاڵی دەسەڵاتی مەرکەزی ڕابردوو دەهێنێت، و هانی ململانێی ناوخۆیی دەدات بۆ باشترکردنی ئابووری وڵاتەکە و دامەزراندنی لیژنەیەکی دەستووری بۆ سەرپەرشتیکردنی میکانیزمی دابەشکردنی داهاتی نەوت کە لە دەستووری ٢٠٠٥ی وڵاتەکەدا چەسپێنراوە. خۆلادان لە دواخستن یان لاوازکردنی جێبەجێکردنی دەستوور لە کوردستاندا




وەك بەشێك لە هەوڵەكانی گەڕانەوە بۆ سیاسەتەكانی پێشووی بە نامەركەزیكردن سەیر دەكرێت لەگەڵ ئەو وێرانكاریانەی بەدوای خۆیدا هێنا.

بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی ئەم حاڵەتە، هەرێمی كوردستان KRG یاسای نەوت و غازی خۆی تێپەڕاند بە گوێرەی پیشەسازی وزەی جیهانی دەستووری عێراقی لە سەرەتای ئابی ٢٠٠٧دا. یاساكە ئەنجومەنی نەوت و غازی هەرێمی پێكهێنا كە پێكهاتووە لە سەرۆك وەزیران، جێگری سەرۆك وەزیران، و وەزیرانی سامانە سروشتیەكان، دارایی و پلاندانان. هەروەك سەرۆك وەزیران، نێچیرڤان بارزانی لە وتارەكەیدا لە ١ی حوەزیرانی ٢٠٠٩دا، ڕایگەیاند حكومەتی هەرێمی كوردستان «سوورە لەسەر بەكارهێنانی سەرچاوە سروشتیەكانمان بە شێوەیەكی بنیاتنەر بۆ بەرژەوەندی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق، و بۆ بنیاتنانی ئاییندەیەكی باشتر بۆ خۆمان و دراوسێكانمان، هەروەها بۆ نەوەكانی داهاتووش.» سەرۆك وەزیران، بارزانی لە هەمان ئەو ڕۆژەدا كە باپیری لە ساڵی ١٩٧٤دا بە گوین ڕۆبەرتی وت، كە ئەوەی باپیری وتی ڕاست بوو. ئەو كاتە نەوتی كوردستان بۆ كڕینی چەك و بۆ وێرانكردنی هەرێمەكە بەكاردەهات. بەڵام دوای ٣٥ ساڵ، پێموایە بارودۆخەكە گۆڕاوە. ئێستا نەوتی عێراق بۆ ئاوەدانكردنەوە، و خۆشگوزەرانی و خێری خەڵك بەكاردەهێنرێت. ئێمە ڕێز لە ڕۆحی (جەنەراڵ) بارزانی دەگرین بۆ ئەو كارانەی بۆ ئێمەی ئەنجامداوە. ئێمە ئاییندەیەكی پڕ لە ئومێد بۆ نەتەوەكەمان دابین دەكەین.»

ڕەنگە ئەوەی سەرۆك وەزیران بارزانی دەیڵێت زیاتر بێت لەوە تەنها سەرەتای ڕۆژگارێكی نوێی دەستپێشخەری سیاسی بێت لەلایەن هەرێمی كوردستانەوە. ڕەنگە چیتر كوردەكان ئەو خەڵكانە نەبن كە ئەحمەدی خانی لە ١٦٩٢دا دەیوت خەڵكانێكی بێ ماڵ و حاڵ، و هەلاتو و مەحكومن كاتێك پرسیاری كرد:

**ازمامە دحكمتا خدى دا**
**كرمانج ددولتا دنى دا**
**ايا بچە وجە مانە محروم**
**بالجملە ژبوچە بونە محكوم**

سەركردەكانی هەرێمی كوردستان سەرقاڵی پرۆسەیەكی سیاسی بنیاتنەرن كە بڕیاری بوێرانە دەدەن بۆ جێبەجێكردنی دەستووری فیدراڵی بۆ ئەوەی داهاتی نەوت بەكاربهێنرێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق، بۆ گەشەپێدانی هەرێمی كوردستان و وڵاتەكە و بۆ پیشاندانی نموونەیەكی باش لە ڕێی ڕاكێشانی ملیارەها دۆلارەوە بۆ هەرێمەكە. یان وەك سەرۆك وەزیران نێچیرڤانی بارزانی جارێكیان وتی: «سەركەوتن بۆ ئێمە ئەوەیە ببینە بەشێك لەوەی لە داهاتوودا لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شانۆی جیهانی ڕوودەدات، ئەگەر ئەمە شتێك بێت ئەوا، ئەمە تەنها سەرەتای گەشتەكەمانە.»

***

*** ئەم وتارە بە ئینگلیزی نووسراوە و گوڵان كردویەتی بە كوردی**

**لە زۆر ڕووەوە، نەوت بۆتە توخمێكی بنەڕەتی لە كۆمەڵگەی مۆدێرندا. و هەندێ كەس باسی ئەوە دەكەن كە پێویستە باس لە «كۆمەڵگەی هایدرۆكاربۆن» بكەین**



## سیاسەتی لۆژیکانەی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەکان

# هەرێمی کوردستانی کردۆتە کاراکتەرێکی چالاک لەسەر نەخشەی وزە لە جیهاندا



**هەرێمی کوردستان تەنها شوێنە لەسەر هەسارەی زەوی مابێت، کە خاوەنی نزیکەی ٤٥ ملیار یەدەگی نەوت و ٣-٦ ترۆلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی بێت و هێشتا دەسکاری نەکرابێت، کەواتە مەسەلەکە لێرەدا ئەوەنییە کە هەرێمی کوردستان خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتە لە جیهاندا، بەڵکو مەبەست ئەوەیە گەورەترین یەدەگی نەوت و گازە کە هەتا ئێستا دەسکاری نەکراوە**

لــە کۆبوونەوەی ئابــووری و وزە کە لەســاڵی ٢٠١٢ لە ئەســتەنبوڵ گرێدرا، یەکێك لە پەنێڵەکانی تایبەت بوو بە گرنگیدان بە هەرێمی کوردســـتان (Focus on the Kurdistan region of Iraq) لــەم پەنێڵــەدا کە بێجگە لە وەزیری ســامانە سروشــتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و نوێنەرانی چەندین کۆمپانیا کە لە کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، چەندین دیپلۆماتکار و پسپۆر و تایبەتمەندیش بەشداربوون، یەکێك لەو بەشداربووانە باڵیۆز جامیــز فراکلین جیفری بوو، لە ســاڵانی ٢٠١١بۆ ٢٠١٢ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لەعێراق، ئەو لەدەسپێکی قسەکانیدا ئەو پرســیارەی وروژانــد: ئایا بۆچی ئەمــڕۆ ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە؟ باڵیۆز جیفری بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ لێدوانێکی عەلی باباجان جێگری ســەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ کاروباری ئابووری و تەنەر یەڵدز وەزیری وزەی تورکیا، کە ئاماژەیان بەوەکــردووە لەپەیوەندی نێوان (سیاســەت و ئابووری و وزە)دا جۆرە تێهەڵکێشیەك هەیە، باڵیۆز جیفری لەم روانگەیەوە دەڵێت: (بێگومان ئەمە لەسەر ئاستی ئەم هەرێمەش و لەسەر ئاستی جیهانیش راستە، من وەك کەســێك کە ماوەی ٢٠ ســاڵ ئەزموونم لەم ناوچەیە هەیە، هیچ شــوێنێك وەك عێراق و دەوروبەری وەرچەرخانی بەســەردا نەهاتووە، بە تایبەتیش هەرێمی کوردستان، بۆیە گرنگە ئەم مەسەلەیە لە روانگەی سیاسی و جیۆستراتیژی و تەنانەت سەربازی و دیپلۆماتیشەوە سەیر بکەین، سەبارەت بەوەی پێشــان چۆن بووە و ئێســتا چۆن دەبێت و تاچەند کاریگەری لەسەر ئاییندەی پرشنگداری وزە و پەرەپێدانی ئابووری ناوچەکە دەبێت).

هەروەها ژەنرال جیم جۆنز کە یەکێك بووە لەو ئەفســەرانەی لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری پرۆســەی نەوای ئارام(پرۆڤاید کۆمفۆرت)ی بۆ باکووری عێراق کردووە و ئێستا سەرۆکی سەنتەری برانت سکرۆکرافتە لە ئامۆژگای ترانس ئەتلەنتیك، لە پەنێڵێکدا کە بۆ قسەکردنی وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان لە مانگی نیسانی رابردوو لە ئامۆژگای ناوبراو رێکخرابوو، ئەم وەرچەرخانەی سیاسەتی لۆژیکانەی هەرێمی کوردســـتان بۆ بەڕێوەبردنی ســامانە سروشتیەکان پێــڕەوی کردووە، دوای ئەوەی نەوت و گازی کوردســـتان گەیشــتە تورکیا و ئەوروپــا کودەتایەکی جیۆسیاســیی دروســتکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە وەك د.خالید صالح ســەرۆکی زانکۆی کوردستان لە وتارێکیدا کە لەم ژمارەیە لەگوڵان بڵاوبۆتەوە، (ئێمە بووینە بەشێك لە شتێکی دیکە) ئەمەش واتە بووینە بەشێك لە سیاسەتی وزەی جیهانی، ئەم بەشەش کاریگەری لەسەر سیاسەتی وزەی جیهانی دەبێت، هەروەك چۆن کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ساڵی پار ناچار بوو لەبەر هەندێك هۆکار کە پەیوەندی بە نەدانی پارەی دەرهێنانــی نەوت هەبوو بــۆ کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتی فیدرالیەوە، بۆ ماوەیــەك هەناردەکردنی نەوتی راگرت و، ئەم راگرتنەش، وەك پرۆفیسۆر یۆست هیلترمان لە توێژینەوەیەکیدا کە ســەرەتای ساڵی ٢٠١٣ لە گۆڤاری فۆرین ئەفیرز بەناونیشــانی (تۆڵەسەندنەوەی کورد.. دوور کەوتنەوەیە لەبەغدا) ئاماژەی پێکردووە، راگرتنی هەناردەی نەوتی کوردســـتان بۆتە هۆکاری ئەوەی نرخی سووتەمەنی لە بازاڕەکانی جیهان بەرز بێتەوە، بۆیە لەم روانگەیەوە و بۆ ئەوەی هاوسەنگی بازاڕی جیهانی وزە تێکنەچێت ئەمریکا گوشاری کردووە بۆ ئەوەی دووبارە دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکرێتەوە.

ئەوجــا لێرەوە گرنگە ئێمەش ئەو پرســیارەی باڵیۆز جامیز جیفــری بەجۆرێکی دیکە بکەینــەوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا ئێمە بۆ ئەم راپۆرتە لەسەر بایەخی سەرچاوە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین؟ ئایا مەبەستمانە ئەوە بەخوێنەری خۆمــان بڵێین، پارەی ئەو نەوت و گازە راســتەوخۆ دێتە هەرێمی کوردستان؟ بێگومان ئێمەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویســتە بگەڕێینەوە بۆ وتارێکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە لە کتێبی (هەرێمی کوردســتان. وەبەرهێنان بۆ ئاییندە) بڵاوکراوەتەوە و تیایدا بەڕێزی ئاماژە بەوە دەکات، پەسەندکردنی یاســای نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەژێر چەتری دەستووری عێراقدایە و پیادەکردنی مافێکە کە لەدەستووردا بە هەرێمی کوردستان دراوە و بەپێی ئەم یاسایە بەڕێوەبردنی ئەو کێڵگە نەوتیانەی دەدۆزرێنەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتانەوە بەڕێوە دەبرێن، داهاتی ئەو نەوتەش تەنیا بۆ هەرێمی کوردســـتان نییە، بەڵکو بۆ سەرجەم عێراقیەکانە. کەواتە لەڕوانگەی ئەم بۆچوونەی ســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئامانج لە بەڕێوەبردنی باشی سەرچاوە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ راستکردنەوەی تەواوی سیاسەتی پەترۆڵی عێراقە کە پێویســتە عێراقیەکان شەریکی راستەقینە بن لە دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتدا و نابێت جارێکی دیکە لە عێراقدا، دەسەڵات و داهات لەدەستی دەستەبژێرێکی کەمی پێکهاتەیەکــی عێراقدا بێت، بەڵکو پێویســتە پێکهاتەکانی عێراق شــەریکی راســتەقینە بن لە داهات و دەســەڵاتدا، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم لە وتارێکیدا کە لەناوەڕاستی مانگی نیسانی رابردوو لە (ریــەڵ کلیــەر وۆرد – Real Clear world) بڵاوی کردۆتەوە راشــکاوانە ئامــاژەی بەوەکردووە (هیچ کەســێك هێندەی کورد بەو راستیە تاڵە ئاشنانییە، کەچۆن ئەو سەرچاوە زۆرەی وزەی عێراق بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بۆ بەفیڕۆدراوە و داهاتی ئەم ســەرچاوەیە کرابووە ئامێرێك بۆ کێشــەی هەرێمی و ســەرکوتکردنی گەلی کوردستان بــەکار دەهات، هەربۆیە کورد بووە ئامانجی ســەرەکی ئەو شــاڵاوە دڕندانەی رژێمی پێشــووی عێراق لە هەشتاکانی ســەدەی رابردوو و گەیشتە ئەوەی کورد جینۆساید بکرێت

و بە چەکی کیمیایی هەڵەبجە بۆمباباران بکرێت. بەڵام لە ئێستا سەرچاوە سروشتیەکان بوونە سەرچاوەی سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستان و بۆتە هۆکاری دابینکردنی ئەو ئاسایشەی کە دەتوانین پشتی پێ ببەستین بۆ ئەوەی نەوت و گاز بگەیەنینە بازاڕەکانی جیهان).

ئەوەی وەزیری سامانە سروشتیەکانی کوردستان دەیەوێت بە جیهانی رابگەیەنێت، ئەوەیە کە سیاسەتی سەنترالیزەکردنی نەوت و گاز، مێژوویەکی خراپی لە عێراقدا هەیە و سەرچاوەی هەموو کارەسات و نەهامەتیەکانی گەلانی عێراق بووە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت عێراق ببوژێتەوە و پێگەی خۆی لە جیهانی هاوچەرخدا وەربگرێتەوە، ئەوا دەبێت سیاسەتی پەترۆل بەوجۆرە بێت کە لەدەستووری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت هەرێمەکان مافی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوە سروشتیانەیان هەبێت کە لەدوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥ دۆزراونەتەوە.

## هەرێمی کوردستان
## پایتەختی وزەی دەسکاری نەکراو

پسپۆرانی بواری نەوت پێیانوایە هەرێمی کوردستان تەنها شوێنە لەسەر هەسارەی زەوی مابێت، کە خاوەنی نزیکەی ٤٥ ملیار یەدەگی نەوت و ٣-٦ ترۆلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی بێت و هێشتا دەسکاری نەکرابێت، کەواتە مەسەلەکە لێرەدا ئەوەنییە کە هەرێمی کوردستان خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتە لە جیهاندا، بەڵکو مەبەست ئەوەیە گەورەترین یەدەگی نەوت و گازە کە هەتا ئێستا دەسکاری نەکراوە، هەربۆیە زۆر جار کە ئەو پرسیارە دەکرێت، ئایا بەڕاستی کوردستان گەورەترین یەدەگی نەوتی جیهانیە؟ ئەوا جۆرە ئیشکالیەتێك لەوەڵامی ئەم پرسیارە دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی راستە لەوانەیە یەدەگی نەوتی زیاتر لە شوێنی دیکەی جیهان هەبێت، بەڵام ئەمە تەنها ناوچەیە لە جیهاندا کە ئەم یەدەگە گەورەیەی نەوت و گازی هەیە و هەتا ئێستا وەبەرهێنانی تێدا نەکراوە، بۆیە لەم راستەوە کە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان دێنە هەرێمی کوردستان، راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەن هەرێمی کوردستان پایتەختی وەبەرهێنانە لە نەوت و گازدا، ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی لە سێکتەری وزە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، بەرهەمی تەنها ٥ ساڵی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم ژێرخانەی بۆ وەبەرهێنانی وزە لە کوردستان بونیادنراوە لە سفرەوە دەستی پێکردووە و پێشتر هیچ ژێرخانێکی نەبووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەو داهاتەی لەنەوت و گاز دەستدەکەوێت ببێتە هۆکارێك بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئەمە ئامانجی سیاسەتی پەترۆڵی کوردستان بێت، بۆچی ئەوە چەندین ساڵە ناتوانرێت یاسای نەوت و گازی حکومەتی فیدرالی پەسەند بکرێت؟

## یەك سیاسەتی پەترۆڵ، یەك وڵات، یەك دەستوور

زۆر جار دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدرالی کە باس دێتە سەر یاسای نەوت و گاز، ئاماژە بەوە دەکەن، عێراق یەك دەوڵەتە و دەبێت یەك سیاسەتی پەترۆڵی هەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ناکرێت هەرێمی کوردستان ئەو مافەی هەبێت کۆنتراکتی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکان ئیمزا بکات، ئەم بانگەوازە کە هەوڵێکە بۆ خۆدزینەوە لەدەستووری عێراق زۆر جار بۆتە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی عێراق سوودی لێوەربگرێت، هەر بۆیە وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بۆنەدا، جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە کە پێویستە لەسەر ئەم بانگەوازەی ناوەند راشکاوانەتر قسەبکرێت و باشتر روونبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەیەوێت لە عێراقدا یەك سیاسەتی پەترۆڵی و یەك دەوڵەت و یەك دەستووری هەبێت، ئەو دەستوورەی کە زیاتر لە ٪٨٠ی گەلانی عێراق دەنگیان پێداوە، بۆیە بەپێی ئەم دەستوورە ئەو سیاسەتی پەترۆلیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات پابەندبوونە بەدەستووری عێراق و ئەوەی حکومەتی بەغدا پیادەی کردووە تا ئێستا هەوڵدان بووە بۆ بەسەنترالیزەکردنی سیاسەتی نەوت و رێگرتن لەوەی کە داهات و دەسەڵات بەشێوەیەکی عادیلانە دابەش بکرێت. سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر یۆست هیلترمان لە توێژینەکەی فۆرن ئەفیرزدا، ئاماژەی بەوەکردووە کە دوورکەوتنەوەی کورد لەبەغدا هۆکاری ئەوەیە کە بەغدا نایەوێت ئەو مافەی دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستانی داوە، هەرێمی کوردستان پیادەی بکات و لەمبارەوە نووسیویەتی: (کورد بە ئاشکرا رایگەیاندووە، خوازیارە پابەند بێت بە عێراقی نوێوە، ئەم پابەندبوونەش پەیوەستە بەوەی عێراقی نوێ عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی بێت، کورد پابەندە بە یەکپارچەیی عێراقەوە ئەگەر بە تەواوی شەریك بێت لە پرۆسەی سیاسیدا.. بەڵام حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ەوە لەبری ئەوەی هەنگاو بەرەو فیدرالی هەڵبگرێت، زیاتر هەنگاوی بۆ سەنترالیزەکردنەوەی عێراق هەڵگرتووە. ئەمەش وایکردبوو کە ساتەکانی سەربەخۆبوونی کوردستان نزیکتر ببنەوە و کورد بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەستبەرداربێت لە پابەندبوون بە یەکپارچەیی عێراقەوە، بۆیە لەو قۆناخەدا کورد دەستی کرد بە پیادەکردنی ئەو مافانەی کە لەدەستووردا بۆی دیاریکراوە.. ئاشکرایە هەرێمی کوردستان یەدەگێکی گەورەی نەوتی تێدایە، لە ساڵی ٢٠٠٧ دوای وتووێژیان لەگەڵ بەغدا نەتوانرا یاسای نەوت و گازی حکومەتی فیدرالی دابڕێژن، بۆیە لەو کاتەوە هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو مافەی لەدەستوور بۆی دیاریی کراوە، دەستی کردووە بە پەرەپێدانی کەرتی هایدرۆکاربۆن، هەر لەسەرەتاوە هەندێك گەڕانی کەم دەستی پێکرد دەرکەوت کە بەڕاستی یەدەگێکی گەورەی نەوت و گاز بوونی هەیە،

**ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی لە سێکتەری وزە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، بەرهەمی تەنها ٥ ساڵی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم ژێرخانەی بۆ وەبەرهێنانی وزە لە کوردستان بونیادنراوە لە سفرەوە دەستی پێکردووە و پێشتر هیچ ژێرخانێکی نەبووە**

بۆیە لە کۆمپانیای بچووکەوە دەستیان پێکرد و پاشان بۆ مامناوەندی و تا گەیشتە هاتنی کۆمپانیای گەورە وەك کۆمپانیای ئیسکۆن مۆبیل. کاتێك نەوت گەیشتە ئەو ئاستەی هەناردەی دەرەوە بکرێت، حکومەتی هەرێم ناچاربوون پەنا بۆ ئەو بۆرییە نەوتانە بەرن کە کەرکوکی بە بەندەری جیهانەوە گرێدەدایەوە، لەساڵی ٢٠٠٩ لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق پێویستی بەداهات بوو، گەیشتە رێککەوتنێك بۆ ئەوەی نەوتی هەرێم بنێرێتە دەرەوە، ئەمەش واتە نەوتەکە فرۆشراو داهاتەکەی گەڕایەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر گوشاری خەرجی ئەو کۆمپانیانەی کە نەوتیان لەکوردستان بەرهەم هێناوە، بەڵام سەرۆك وەزیرانی عیراق نوری مالیکی پاپەند نەبوو بەوەی پارەکە بدات و داوای دەکرد دەبێت لە بودجەی هەرێمی کوردستان بدرێت، لەساڵی ٢٠١١ کاتێك بەرهەمی نەوت لەکوردستان زیادی کرد، کورد و بەغدا گەیشتنەوە رێککەوتنێکی دیکە بەمەرجێ حکومەتی عێراق پابەندبێت بەوەی پارەی کۆمپانیاکان بدات، بەڵام ئەم رێککەوتنەش تەمەنی درێژنەبوو، بۆیە کورد ناچار بوو هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆرییەکانی کەرکوك جیهانەوە رابگرێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا کار گەیشتە ئەوەی بەوەی ناکرێت ملیۆنەها بەرمیل نەوت بەرهەم بێت و ئامادەبێت بۆ فرۆشتن بەڵام نەتوانرێت بگەیەنرێتە بازاڕەکانی جیهان، بۆیە هەموو پێیانوابوو بەهای ئەو نەوتە بەغدا ناچار دەکات کە رێگە بدرێت ئەو نەوتە بفرۆشرێت، هەروەها تورکیاش ئامادەباشی پیشاندا نەوتی کوردستان بکرێت و لەمەش زیاتر تورکیا ئامادەی پیشاندا کە تەجاوزی بەغدا دەکات و ئەوەشی ئاماژە پێکرد کە بۆری بۆ گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەبێت))

ئەو قسانەی ناو کەوانەکە کە پوختەیەکە لە توێژینەوەکەی یۆست هیلترمان لە فۆرن ئەفیرز، ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی دەبێت ئەم کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا بە ئاشتیانەو بە رێگەی دیالۆگ چارەسەر بکرێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەیە کە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە خاڵێکدا بەرژەوەندی (عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا و تەنانەت تورکیاش) یەك پێدەگرێتەوە، لەوانە:

١. لەبەر ئەوەی داهاتی نەوت موڵکی هەموو عێراقیەکانە و عێراقیش لە قۆناخی بونیادنانەوەیە، ئەوا بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، دروستکردنی سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتە تا عێراقیەکان لەم قۆناخە هەستیارە سوودی لێوەربگرن.

٢. لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی عێراق لەوەدایە پەرە بە کەرتی هایدرۆکاربۆن بدرێت و ئاستی بەرهەمهێنان بۆ بەرزترین ئاست بەرز بکرێتەوە، ئەوا لەم خاڵەدا بەرژەوەندی هەرێم و ناوەند یەکدەگرێتەوە.

٣. لەبەر ئەوەی ئەم زیادکردنی بەرهەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ سەقامگیری بازاڕی وزە لە جیهانداو، بەرژەوەندی ئەمریکاش لەوەدایە سەقامگیری لەو کەرتە هەبێت، ئەوا لەم خاڵەشدا بەرژەوەندی ئەمریکا لەگەڵ پەرەپێدانی کەرتی هایدرۆکاربۆنی هەرێمی کوردستان و عێراق یەکدەگرێتەوە.

٤. لەبەر ئەوەی ئەم نەوتە بەرێگەی تورکیا دەگاتە بازاڕەکانی جیهان، ئەوا تورکیا بێجگە لەوەی لە رێگەیەکی نزیکەوە بەشی خۆی لێدەکرێت، لەهەمانکاتدا تورکیا سوودمەند دەبێت لە گواستنەوەی ئەم نەوتە بەخاکی ئەودا، بۆیە لەم خاڵەدا بەرژەوەندی تورکیاش لەگەڵ بەرژەوەندی هەرێم و عێراق و ناوچەکە یەکدەگرێتەوە.

**سیاسەتی لۆژیکانەی هەرێمی کورستان**
**لە مێژووی ناوچەکەدا سەرچاوەی ئاشتیە**

لەدوای سەردانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا و پاشان هاتنی نوری مالیکی بۆ هەولێر و دوای ئەویش سەردانەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، خەریکە جۆرە لێکتێگەیشتنێك بۆ چارەسەری کۆی کێشەکان و دەروازەیەك بۆ یاسای نەوت و گازی حکومەتی فیدرالی عێراق دەکرێتەوە، ئەم هەنگاوانە کە ئێستا کۆمەڵێك لیژنەی بۆ پێکهێنراوە بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکەن، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و ئەو بارودۆخەی سوریا پێیدا تێدەپەڕێت، کاریگەری لەسەر رەوشی عێراق دەبێت، بۆیە ئەگەر هەوڵبدرێت لەم قۆناخە پەلە لە گەیشتن بە چارەسەر بکرێت، ئەوا دەتوانرێت عێراق سوودێکی گەورەی لێ ببینێت، ئەم دەستپێشخەرییەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان لە قۆناخێکدا بووە کە دەیتوانی نەوتەکەی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات، لەبەر ئەوەی وەك پێشتریش لەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکرد، لەبەر ئەوەی راگرتنی نەوت کاریگەری نەرێنی لەسەر هاوسەنگی و سەقامگیری بازاڕی وزەی جیهانی هەیە، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رازی نابێت لەم کاتەی کە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەگەورەترین تەنگژەدایە، راگرتنی نەوت ببێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری لە بازاڕی وزەی جیهانیدا، بۆیە وەك تورکیاش ئامادەباشی پیشاندابوو کە ئامادەیە نەوتی کوردستان هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکرێت، ئەوا نەدەکرا رێگە لە راگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان لەو کاتەی رێگرییەکانی لەبەردەم هەناردەی نەوتی کوردستانی بەرەو چارەسەرکردن دەبرد، لەو کاتە دەستپێشخەری کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدا بگەنە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش، ئەمەش مانای ئەوەیە سیاسەتی لۆژیکانەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە نییە خۆی لە عێراق جیابکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو عێراقە تازەیە بونیاد بنرێتەوە کە لەدەستووری عێراقدا نەخشە رێگەی بۆ دیاری کراوە و عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتیە و لەنێو پێکهاتەکانی

**سیاسەتی لۆژیکانەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە نییە خۆی لە عێراق جیابکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو عێراقە تازەیە بونیاد بنرێتەوە کە لەدەستووری عێراقدا نەخشە رێگەی بۆ دیاری کراوە و عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتیە و لەنێو پێکهاتەکانی عێراقیشدا دەبێت بەشێوەیەکی راستەقینە داهات و دەسەڵات بە شێوەیەکی عادیلانە دابەش بکرێت**



عێراقیشدا دەبێت بەشێوەیەکی راستەقینە داهات و دەسەڵات بە شێوەیەکی عادیلانە دابەش بکرێت، ئەمە بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێك لەوانەی بەو شێوەیە بیریان دەکردەوە کاتێك کورد داوای مافەکانی خۆی دەکرد، ئەوان بەو جۆرە تەفسیریان دەکرد، کورد بیر لە دابەشکردنی عێراق دەکاتەوە، ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان سەلماندنی کە کورد بەشێك نابێت لە عێراقێك کە بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەنترالیزم، بەڵکو کورد دەبێتە بەشێك لە عێراقێك کە دیموکراتی و فیدرالی بێت، لەم روانگەیەوە هەنگاو هەڵگرتنی خێرا بۆ چارەسەری کۆی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە جارێکی دیکە دەستووری عێراق دەبێتەوە بە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم پێکهاتەکان و گێڕانەوەی حکومڕانی بۆسەر سکەی راستی خۆی کە پابەندبوونە بەدەستووری عێراقەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەوڵدانە بۆ پاراستنی عێراق و مانەوەی وەك دەوڵەتێکی فیدرالی.

هەروەها ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە هۆکاری ئەوەی پەیوەندی باش لەگەڵ دراوسێکانی هەرێم بونیاد بنرێت و ئەم پەیوەندییە باشە کاریگەری ئەوەی هەبێت کە هەوڵبدرێت هەرێمی کوردستان هۆکارێك بێت بۆ چارەسەری کێشەی دەوڵەتە دراوسێکانی، کە باشترین نموونەش لەمبارەوە، پشتگیری هەرێمی کوردستانە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا و دروستکردنی دیالۆگە لەنێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیادا، ئەم کێشەیە لەگەڵ ئەوەی کێشەیەکی تا ئەوپەڕی سەخت و دژوار بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی تورکیا باشتر لە لایەنەکانی دیکە تەفەهومی ستراتیژیەتی راستی هەرێمی کوردستانی دەکرد، ئەوا وەك دەبینین لە مێژووی هاوچەرخی تورکیا ئەمە یەکەمجارە بەو ئاستە سیاسەتی کرانەوە بەرەو چارەسەری کێشەی کورد بە شێوازی ئاشتی و دیالۆگ لە تورکیا هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت،، ئەم ئاکامە کە بەرهەمی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی و وزەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیایە، هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ ئاستی سیاسیی و دیپلۆماتی و ئاکامی لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماتیش بەدەست هێناوە.

لێرەوە ئەگەر سەیری سیاسەتی لۆژیکانەی هەرێمی کوردستان بکەین، بە تایبەتی لەبواری نەوت و گاز، دەبینین هەموو کات سیاسەتی نەوت و گازی عێراق وەك ئامێرێك بۆ دروستکردنی تەنگژە و کێشە لەگەڵ دراوسێکان و سەرکوتکردنی گەلانی عێراق بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە تەواو پێچەوانەیە و ئەو سەرچاوە سروشتیەی هەتا دوێنێ سەرچاوەی هەڕەشە و ماڵکاولی بووە، ئەمڕۆ بۆتە هۆکارێك بۆ سەقامگیری و ئاشتی لەناوچەکەدا.

## تۆنی هایوارد سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای (Genel Energy):

# هەتا ساڵی ٢٠١٩ بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان دەگاتە



**تۆنی هایوارد سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای جەنێل ئێنیرجی یەکێکی دیکەی بەشداربووانی ئەو کۆنفرانسە بوو، هەروەها تۆنی یەکێکە لەوانەی کە هەر لەدەسپێکی کاری کۆمپانیای جەنێڵەوە هاتووە بۆ کوردستان، لەو پەنێڵەدا بەمجۆرە ئەزموونی خۆی لەهەرێمی کوردستان باسکردووە:**

((دەمەوێت سەرەتا لەو خاڵەوە دەستپێبکەم و بپرسم، بۆچی هەرێمی کوردستانی عێراق جێگەی ئەو هەموو بایەخەیە لە پیشەسازی نەوت و گاز لەئێستای جیهاندا؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم بەپێی ئەو رووپێوەی جیۆلۆژییەکان ئەنجامیانداوە مەزندە دەکرێت ٤٥-٥٠ ملیار بەرمیل نەوت و نزیکە ٥٠-١٠٠ ترلیۆن پێ سێجا گاز لەم هەرێمە هەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە یەدەگێکی گەورەی نەوت و گاز لەم هەرێمە هەیە و دەبێت بەرهەم بهێنرێت، لەمەش گرنگتر ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە، لەم هەرێمە زەمینەیەکی سەقامگیری و دڵنیایی بۆ ئەو کارە فەراهەمکراوە، ئەوانەش بریتین لە سەروەری یاسا، شەفافیەت لە کۆنتراکتەکان، لەمەشدا کەمترین بیرۆکراسیەت هەیە و حکومەت کار ئاسانی گەورەی بۆ کەرتی تایبەت پێشکەشکردووە،، ئێمە لەماوەی ٥-٧ ساڵی رابردوو وەبەرهێنانێکی گەورەمان لە هەرێمی کوردستان کردووە، کارەکان هێندە سەرکەوتووبوون، ئێستا پێشبینی دەکرێت، هەرێمی کوردستان ببێتە یەکێك لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی هەناردەکردنی نەوت و گاز لە سەر ئاستی جیهان. لەئێستادا((مەبەستی ساڵی ٢٠١٢یە) توانای بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان ٢٠٠ -٢٥٠هەزار بەرمیلە لەرۆژێکدا، لە ساڵی ٢٠١٤ ئەم رێژەیە دەگاتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، لەوانەیە بۆ ساڵی ٢٠١٥ بگاتە یەك ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ش، دەگاتە دوو ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا. سەبارەت بە بەرهەمهێنانی گازیش کە ئەمەش لەم هەرێمە بوونی هەیە، پێش کۆتایی ئەم دەیەیە واتە هەتا ساڵی ٢٠١٩، هەرێمی کوردستان توانای هەناردەکردنی ١٠ ملیار پێ سێجا گازی سروشتی دەبێت لەساڵێکدا، کۆمپانیای جەنێڵ نیەتی بەوجۆرەیە کە لەم بوارە رۆڵێکی سەرەکی هەبێت، هەتا ئێستا(واتە تا ساڵی ٢٠١٢) کۆمپانیای جەنێڵ گەورەترین وەبەرهێنای لەکوردستان ئەنجامداوە کە دەگاتە نزیکەی ٣ ملیار دۆلار، ئێستا لە ٢٠١٢ کێڵگەکانی تەق

## جامیز فراکلین جیفری باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق:

# پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گاز لە کوردستان لە بەرژەوەندی



**لە کۆنفرانسی ئابووری و وزەی ساڵی ٢٠١٢ لە ئەستەنبوڵ باڵیۆز جامیز جیفری بەمجۆرە لەسەر بایەخی هەرێمی کوردستان بۆ پەنێڵەکە دوا:**

((من ئەمڕۆ وەك دیپلۆماتکارێکی پێشووی ئەمریکا قسەدەکەم، بەڵام هەوڵدەدەم هێندەی دەتوانم بۆچوونەکانم بەوجۆرە بێت وەك هەڵوێستی ئەو کاتەی ئەمریکا بێت کە من لە ئیدارە بەشداربووم، من هاوڕام لەسەر هەموو ئەو پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان کە لەم پەنێڵە خرانەڕوو، ئەوە زۆر گرنگە کە کەرتی نەوت و گاز پەرەپێدانی تێداکراوە، ئەمە لە بەرژەوەندی گەلی هەرێمی کوردستان و تەواوی گەلانی عێراقدایە و هۆکارێکە بۆ بەرژەوەندی سەقامگیری لە ناوچەکەدا، هەروەها بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا و تورکیاشە، ئەم بارودۆخە زەمینەیەکە بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیا جیهانیانەی لێرە وەبەرهێنان دەکەن، کەمترین مەترسییان لەسەر بێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئێمە هەموومان بۆچی لێرە کۆبووینەتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ لێدوانەکانی عەلی باباجان و تەنەر یەڵماز کە راشکاوانە ئاماژەیان بەوەکردووە، تێهەڵکێشیەك لە پەیوەندی نێوان ئابووری و وزەو سیاسەتدا هەیە، ئەم قسەیە بۆ ئەم ناوچەیە و تەواوی جیهانیش راستە، من وەك کەسێك کە ماوەی ٢٠ ساڵ ئەزموونم لەم ناوچەیە هەیە، هیچ شوێنێك وەك عێراق و دەوروبەری وەرچەرخانی بەسەردا نەهاتووە، بە تایبەتیش هەرێمی کوردستان، بۆیە گرنگە ئەم مەسەلەیە لە روانگەی سیاسی و جیۆستراتیژی و تەنانەت سەبازی و دیپلۆماتیشەوە سەیر بکەین، سەبارەت پێشان چۆن بووە و ئێستا چۆن دەبێت، هەروەها ئایندەی پەرەپێدانی وزە و ئابووری چۆن دەبێت.

کێشەی سەرەکی لەم خاڵەدا ئەوەی کاتێك باس لەم پرسە

# ٢ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا

تەق توانای بەرهەمهێنانی ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی لەرۆژێکدا هەیە، لە کۆتایی ٢٠١٣ دەگاتە ٢٠٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا، هەروەها کێڵگەکانی تۆکیە کە ئێستا ١٠٠ هەزار بەرمیلە لەرۆژێکدا لەساڵی ٢٠١٤ ئەویش دەگاتە، ٢٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، سەبارەت بە پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی گازیش، ئێمە وا مەزندەمان کردووە کە لە زستانی ٢٠١٥ گازی هەرێمی کوردستان بگاتە بازاڕەکانی جیهان، لەمەشدا پێشبینیمان لە ئێستا بەو جۆرەیە بۆ ساڵی ٢٠١٦، نزیکەی ٤ ملیار مەتر سێجا گازی هەرێم بگاتە تورکیا.
لێرەدا دەمەوێت بۆچوونەکانم چڕبکەمەوە و ئاماژە بەوە بکەم، وێڕای ئاڵۆزییە سیاسییەکان لە هەرێمەکەدا، بەڵام سەرکردەکانی ئەم هەرێمە بە حەماسەوە کار بۆ ئەوە دەکەن، ئەم نەوتە بەرهەم بێت، بۆیە کەرتی نەوت رۆژ لەدوای رۆژ پێشدەکەوێت لەهەرێمدا، ناکرێت بە ملیۆنەها بەرمیل نەوت بەرهەم بێت و بەهۆی ناکۆکی سیاسییەوە رێگە نەدرێت ئەم نەوتە بگاتە بازاڕەکانی جیهان، بۆیە من دڵنیام لەوەی رێگەیەك دەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم نەوتە بگاتە بازاڕەکانی جیهان.

# عێراق و ناوچەکە و ئەمریکاشدایە

دەکەین، ئەوا هەست دەکەین رێککەوتنێك نییە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا سەبارەت بەوەی چۆن پەرە بە کەرتی نەوت و گاز بدرێت، لە هەندێك رووەوە هەندێك لە کێشەکان تەکنیکین و سروشتێکی یاساییان هەیە، لەمەشدا دەگەڕێتەوە بۆ دووخاڵ، پێش هەموو شت تا چ ئاستێك پێویستە لەسەر بنەمای دەستووری عێراق پابەند بین، بۆ ئەوەی بەرەو ئەوەمان بەرێت بتوانین هاوکاری هەرێمی و بەشداریپێکردن هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین چەند کێڵگەی تازەی نەوت لە هەرێمەکان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەرهەم بێت و پەرە بەکەرتی هایدرۆ کاربۆن بدرێت، خاڵی دیکە ئەوەی چۆن لەسەر نەخشەی دەستووری عێراق رایەڵەیەك لە نێوان مافی سەروەریی و خاوەندارێتی ئەم سامانە بۆ گەلانی عێراق دروست بکرێت)).



### ژەنراڵ جیمس جۆنز سەرۆکی سەنتەری برانت سکرۆکرافت لە ئامۆژگای ترانس ئەتلەنتیک:

# کاتێک دەچیتە هەولێر هەست دەکەیت جووڵەیەکی

**لە پەنێڵکدا کە لە نیسانی ٢٠١٣ بۆ بەرێز وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئامۆژگای ترانس ئەتلەنتیك رێکخرابوو، ژەنراڵ جیمس جۆنز لە پێشکەشکردنی ئاشتی هەورامی بۆ میوانان، بەمجۆرە باسی هەرێمی کوردستانی کرد:**



((٢٢ ساڵ لەمەوبەر هاوشان لەگەڵ ژەنراڵ جۆن گارنەر و هاورێکەم دیك ناب، کە ئەو شەرەفەم پێبڕا وەك سەربازێکی ئەمریکی بەشداری ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئارامی لەباکووری عێراق بکەم، لێرەدا پێموایە دەتوانم لەبری دوو هاورێکەی دیکەشم قسەبکەم، بەوەی بەشداریمان لەم پرۆسەیە، گەورەترین ئەزموون بووە بۆ ئێمە و هەروەها تەنها بەشداری بووە لە ئەرکی سەربازی کە هێندە پێمان خۆش بووە، لەو کاتەدا ئێمە بەشداری گەورەترین ئەرکی مرۆڤایەتیمان دەکرد، لەهەمانکاتدا لەو ماوەیەدا بەدیداری چەندین کەسایەتی تایبەتی ئاشنا بووین کە هەتا ئێستاش ئەو کەسایەتیانە تایبەتین لە ژیانماندا، وەك بەرێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی، بە هەوڵ و لێهاتوویی ئەم دوو سەرۆکە توانرا کوردستان ببوژێتەوە و بگەینە ئەو ئاستەی ئێستا هەرێمی کوردستان دەبینین... ئەم هەرێمە نەك هەر نموونەیەکی درەوشاوەیە بەوەی کۆمەڵگەیەکی نیمچە کراوەی سەقامگیرە، بەڵکو بۆ ئەو هەڵمەتە ئابووریەشە کە لەم هەرێمە دەستی پێکردووە و ئەم پەرەپێدانە ئابوورییە بۆتە ئامێرێك بۆ سیاسەتی دەرەوەیان، کە ئەمەش بۆ ئەو ناوچەیە زۆر پێویستە.


هەرێمی کوردستان ئێستا وەك دوورگەیەکی ئاشتی و ئارام لە ناوچەیەکی پڕئاڵۆز و کێشەدا لەسەر پێی خۆی راوەستاوە، هەنگاو بۆپێشەوە هەڵدەگرێت و پێویستیشە زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت. ئەو بنەما ئابوورییەشی هەنگاوی بۆ بونیادنانەوە لەسەر هەڵدەگرن زۆر بەهێزە.

مەزندە دەکرێت کوردستان یەدەگی نەوتی بگاتە ٤٥ ملیار بەرمیل، و هەروەها ٣-٦ ترلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بە ملیارەها دۆلاریان لەو هەرێمە وەبەرهێنان کردووە، هیچ سەیر نییە بڵێین ئەم ناوچەیە دوایین ناوچەیە لەسەر گۆی زەوی کە هێندە یەدەگی نەوت و گازی هەبێت، بەڵام پەرەپێدان تەنها لە چوارچێوەی پەرەپێدانی کەرتی هایدرۆکاربۆن نەوەستاوە، ئەگەر سەردانی هەولێر بکەن، کە من ئومێد دەخوازم هەمووتان ئەو بوارەتان بۆ بڕەخسێت

### زسولت هیرناردی سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای MOL:

# لە پێنج ساڵی داهاتوودا شەش یەکی سەرمایەکانمان لە هەرێمی

**زسولت هیرنادی سەرۆکی جێبەجێکاری گەورەترین کۆمپانیای گاز و نەوتی هەنگاریایە لەناوەراست و رۆژهەڵاتی ئەوروپا، لەهەرسێ ئاستی بەرز و مامناوەندی و نزم بزنس دەکات، لەم پەنێڵەدا هیرنادی ئەوە روونەکاتەوە دەیانەوێت بەشداریەکی گەورە لە کوردستان بکەن:**



((دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە کارەکانی کۆمپانیای ئێمە تەنها وەبەرهێنان نییە لە ناوەراست و رۆژهەڵاتی ئەوروپا، بەڵکو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش وەبەرهێنانمان لە پرۆژەی گەورەدا هەیە.

چیرۆکی ئێمە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە دەست پێدەکات، لەوکاتەوە ئێمە وەبەرهێنانی گەورەمان لەکەرتی نەوت کردووە، وەبەرهێنانمان لە ئاکرێ و بجیل کردووە، هەروەها لە شێخانیش وەبەرهێنانمان کردووە، لەمەش زیاتر ئێمە سورین لەسەر ئەوەی وەبەرهێنانی زیاتر لە کوردستان بکەین، هۆکاری هاندانمان بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی زیاتر بکەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستان هێناویەتە ئاراوە، ئەزموونەکانمان لەکاری وەبەرهێنان فێری کردووین پێویستە ئارام بین، لەبەر ئەوەی هەوڵەکان بەرهەمیان دەبێت ئەگەر سەرکردەکانی ئەو وڵاتە پابەندبن بە هەوڵەکانیانەوە. بێگومان وڵاتانی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەوروپا پێویستیان بە وەبەرهێنانی لەم جۆرە هەیە، بێگومان لەم ناوچەیە هەلێکی گەورەی وەبەرهێنان هەیە، بەڵام پێویستە وەك هەرێمی کوردستان زەمینە بۆ ئەم وەبەرهێنانە سازبکرێت، هەربۆیە ئەو ئاراستەیەی کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵدەگرین، بەرەو ئەوە دەڕوات کە لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا یەك لەسەر شەشی هەموو سەرمایەی کۆمپانیاکەمان لەم هەرێمە بکەینە وەبەرهێنان، ئێمە ئەو بەڵێنەمان داوە، لەبەر ئەوەی هەست دەکەین ئاییندەیەکی پڕشنگدار لەم هەرێمە بەدی دەکرێت، هەروەها پابەندبوونی سەرکردەکانی ئەم وڵاتە بە بونیادنانەوەی وڵاتەکەیان و ئەو شەفافیەتەی بوونی هەیە و ئێمە هەستی پێدەکەین،



# بونیادنانەوەی گەورە هەیە

سـەردانی هەولێر بکەن، لە هەولێـری پایتەختی ئەم هەرێمە لە هەموو رووبەکـەوە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە دەبینین، بەدەیان هۆتیلی تازە و رێگەوبان و چێشـتخانە و قوتابخانـە دەبینین کە زۆر بەخێرای دروسـتکراون، هەرێمەکە پێکەوە لە جووڵەیەکی بەردەوامدایە.
هەتا ماوەیەکی زۆر دوور نا، هیچ کەسـێك خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو کە بتوانرێت پەیوەندیەکی سـەقامگیری بەردەوام لەنێوان تورکیا و کوردسـتان بێتە ئاراوە، بەڵام لەچەندین سـاڵی رابردوو ئەم پەیوەندییە سـەقامگیر و بەردەوامە دروسـت بووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان فاکتەری سـەرەکی بووە لەو کرانەوەیەی سـەبارەت بە کێشـەی کورد کـە لەتورکیا هاتۆتە ئـاراوە، هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوانە، ئەم پێشکەوتنانە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە سـەرچاوەی وزەی هەرێمی کوردستان بگاتە بازاڕەکانی تورکیا و ئەوروپا، ئەمەش لە وەرچەرخانێکی گەورەی جیۆسیاسـی دەچێت، راسـتە سیاسەتی ئەو ناوچەیە ئاڵۆزە و ئەو پێشـکەوتنەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردسـتان بەدەست هاتووە، پارێزراو نابێت ئەگەر سوور نەبین لەسەر ئەوەی بیپارێزین)).


# کوردستان بەگەڕ دەخەین

ئەمانەش گرنگترین هۆکارن بۆ ئەوەی بەردەوام بین، هەرێمی کوردستانی عێراق دەیەوێت بەرهەمی هایدرۆکاربۆن لەماوەی دەیەی داهاتـوودا، ١٠ هێندەی ئێسـتا زیادبکات، ئەمەش هانمانـدەدا وەبەرهێنانـی زیاتری تێدا بکەیـن، بۆ ئەمەش پێویستە تێگەیشـتنی هاوبەش لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغـدا، هەروەها هەرێمی کوردسـتان و تورکیا هەبێت، لەبەر ئـەوەی تەنها ئەوە بەس نییە ئێمە نـەوت و گاز لەم هەرێمە بەرهـەم بهێنین، بەڵکو ئێمە پێویسـتمان بەوەیە، ئەو نەوت و گازەی بەرهەمی دەهێنین بگاتە بازاڕەکانی جیهان، لەلایەکی دیکە دەزانین پێویسـت بەوە هەیە خەڵکی ناوخۆی ئەم وڵاتە مەشق پێبکەین بۆ ئەوەی بتوانن لە پرۆژەکاندا بەشداری بکەن، بۆ ئەمەش رێککەوتنێکمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، کە خەڵـك بۆ خوێندن بنێرینە هەنگاریـا و وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵات و ناوەڕاسـتی ئەوروپا، ئێمە ئـەوە دەکەین لەبەر ئەوەی پابەندین بە ئایندەی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە)).




# ئاشتی هەورامی
## لە ئامۆژگای ترانس ئەتڵەنتیک:

# ئێمە یەک سیاسەتی پەترۆڵمان بۆ عێراق دەوێت ئەو سیاسەتەش دەبێت لەژێر چەتری دەستووردا بێت



**لە مانگی نیسانی ٢٠١٣، بەڕێز ئاشتی هەورامی لە پەنێڵێکی ئامۆژگای ترانس ئەتڵەنتیك، سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەبواری نەوت و گاز باسکردووە، لێرەدا پوختەی چەند پەرەگرافێك دەخەینەڕوو:**

((پرسیاری یەکەم کە لەم پەنێڵە دەمەوێت باسی بکەم ئەوەیە چۆن ئەم سەرچاوەی نەوت و گازە دەگاتە بازارەکانی جیهان و سوودی بۆ هەموو گەلانی عێراق دەبێت، پێویستە راشکاوانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکەین لەبەر ئەوەی لەم پرسەدا هەندێك لێکحاڵینەبوون هەیە، هەروەها هەندێك تەسەور هەیە سەبارەت بەوەی پێی دەڵێن(یەك سیاسەتی عێراق) بۆیە من دەمەوێت باشتر پێناسەی ئەمە بکەم و هیوادارم ئێوەش بگەنە قەناعەت، (یەك سیاسەتی نەوتی بۆ عێراق) پشت بە دەستووری عێراق دەبەستێت، خۆ ئەگەر بەس ئەمە بڵێین ئەوا ئێمە هەموومان رێککەوتووین، ئەمەش ئەرکی سەرەکی ئێمەیە، بەڵام چۆن دەست بەمە دەکەین و کۆتایی پێ دێت، ئەگەر نا ئێمە باسی سیاسەتێکی جیاوازمان نەکردووە، ئێمە تەنها ئەوەندەمان دەوێت یەك سیاسەتی عێراقی، یەك دەستوور و یەك وڵاتمان هەبێت کە لەلایەن هەموو عێراقیەکانەوە رێزی لێبگیرێت، عێراق وڵاتێکە خاوەنی سەرچاوەیەکی سروشتی گەورەیە، بۆ ماوەیەکی زۆر داهاتی ئەم نەوتە بۆ کێشەو ململانێی ناوخۆیی و سەرکوتکردنی کورد بەکار هاتووە، هەتا گەیشتە ئەوەی کورد جینۆساید کراوە..ئەمڕۆ لەسایەی ئەو سیاسەتە نەوتیەی لە هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێت، داهاتی نەوت بۆتە سەرچاوەیەك بۆ سەقامگیری و ئاسایشێکی سەربەخۆ بۆ ئەوەی نەوت بگەیەنینە بازارەکانی جیهان.. مەزندەی خەملێنراوی وزە لە هەرێمی کوردستان تادێت گەورەتر و گەورەتر دەبێت...ئێمە پێمانوایە ئامانجی وزە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەراستیدا هی حکومەتی فیدرال و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش



وەك یەكـــە، ئەولەویەت بۆ ئەوەیە بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بكەین لەسەرانسەری عێراق بۆ گەورەترین ڕێژە، بۆ ئەوەی سەقامگیری لەبازاڕی نەوت دروست بكەین.

ئێمە لەماوەی تەنها پێنج ساڵدا سێكتەرێكی تازەی وزەمان بونیادناوە، ئەمەشمان لەسفرەوە دەســـتپێكردووە، ئەمەشمان لەگەڵ كۆمپانیاكانی ئەمریـــكا و ئەوروپا و وەبەرهێنەری دیكە لەسەرانســـەری جیهاندا كـــردووە، پێویســـتە لێرەدا دەستخۆشـــی لە ئیدارەی حەكیمانەی حكومەتی هەرێمی كوردســـتان بكرێت، ئەمساڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان دەیەوێت نەوت هەناردەی دەرەوە بكات، لانی كەم ٢٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێكدا بنێرینە دەرەوە، ئەمە بێجگە لەو نەوتەی كە بۆ پێداویستی ناوخۆی هەرێم دەبێت دەربهێنرێت، بەمەش نزیكـــەی ٨ ملیار دۆلار بۆ میزانیـــەی عێراق زیاد دەبێت كە دەكاتە نزیكەی ئەو بەشـــە داهاتەی لە بودجەی گشتی فیدرالی بۆ هەرێمی كوردســـتان دەنێردرێت، هەروەها ئێمە لەهەوڵداین بۆ ئەوەی لە ســـاڵی ٢٠١٥ بگاتە یەك ملیۆن بەرمیـــل لە رۆژێكدا و بگاتە نزیكەی ٢ ملیۆن بەرمیل لە ٢٠١٩..

ئێمـــە دەمانەوێت لەهەرێمـــی كوردســـتانەوە، فراوانتر لە باكووری عێراقەوە، واتە لە پارێزگاكانی هاوسێی هەرێمەوە نەوت بنێرینە دەرەوە بۆ بازاڕەكانی جیهان، ئەمەش پێویستی بـــە بونیادنانی ژێرخانی هەناردەكـــردن هەیە، لەبەر ئەوەی وەك دەڵێن لە ســـاڵی ٢٠١٩ رۆژانە ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە باكووری عێراقـــەوە رەوانەی بازاڕەكانی جیهان دەكرێت. ئەمەش پێویســـتی بەوە هەیە بونیادی هێڵی تازە بنرێت بۆ ئەوەی ئاســـتەنگی هەناردەكردن نەمێنێت، ئێمە ئومێدمان وایە لێكتێگەیشـــتنی سیاســـی بێتە ئاراوە و كێشەكانمان بتوانین چارەســـەر بكەین، پێش ئەوەی ئەم هێڵە بەتەواوەتی كۆتایی پێبێت.

حكومەتی هەرێمی كوردستان رازییە نەوت موڵكی هەموو عێراقیـــەكان بێت، پابەندیش دەبیـــن بەمەوە، ئێمە دەخوازین بەشـــێك بین لـــە عێراقێكی دیموكراتـــی و فیدرالی، ئەوە ئامانجی ئێمەیـــە، هەروەها دەمانەوێت سیاســـەتی نەوت لامەركەزی بێت و دابەشـــكردنی داهاتی نەوت بۆ هەموو عێراقیەكان بێت، دەمانەوێت تراژیدیای سیاسەتی سەنترالی نەوت لەبەرچاو بگرن، لەبەر ئەوەی سیاســـەتی لامەركەزی نەوت هۆكارێكە بـــۆ بونیادنانی پەیوەنـــدی باش لەگەڵ دراوســـێكاندا، بونیادنانی هێڵی بۆری ناردنەوە دەرەوە نەوت دەبێتە هۆی گەشەســـەندن و ئاكامی باشـــی بۆ تەنگژەی هەرێمەكە دەبێت، هەروەها بۆ كێشـــە ناوخۆییەكانیش، لەم پرســـەدا دەســـتووری عێراق زۆر بە راشكاوی ئەو مافەی بەحكومەتی هەرێمی كوردستانداوە سەرچاوە سروشتیەكانی خـــۆی بەڕێوەبەرێت، دەرهێنانی نـــەوت و گەیاندنی وزەی عێراق بە بازاڕەكانـــی جیهان بۆ هیچ پێكهاتەیەكی عێراق نابێ مۆنۆپـــۆل بكرێت، ئەوجا حكومەتـــی فیدرالی بێت یان هەرێمەكان، دەبێت پاپەند بێت بەو سیســـتمە فیدرالیەی كە لەژێر بەندەكانی دەســـتووری عێراق دامەزراوە، هەروەها حكومەتـــی هەرێمی كوردســـتان دڵنیایە لـــەوەی كە ئەو سیاسەتی وزەیەی پیادەی كردووە هۆكارێكە بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەكپارچەیی، هەروەها بۆ پێكەوە بەستنەوەی ئەو مۆزاییكە كە دەســـتوری عێراق داوای دەكات، دەستووریش تەنها دڵنیاییە بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەكگرتوویی، نەك سەنترالیزم.

هەروەها ئێمە دڵنیاین كە ســـەقامگیری بەردەوام لە عێراقدا دەبێت بە ئاڕاستەیەك بێت ئەنكەرەش تیایدا بەشدار بێت، ئێمە لەسەر ئەم پرسە قسەمان لەگەڵ كردوون، بۆیە ئێمە هەست دەكەیـــن ئەمە هەمان رێگەیە بـــۆ ئاكامی ئەو ئامانجەی كەدەمانەوێت لەم هاوكارییە بێتە دەستمان.

# بیست و پێنج ساڵ پاش ئەنفال و کیمیابارانکردن کورد لە ئەوساو ئێستادا

**کوردستانی عێراق بە چەشنێک گەشەی کردووەو بەرەوپێش چووە کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی (خۆبەڕێوەبەری) و مافی بڕیاردانی چارەنووسە کە بە فەرمی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیعتیرافی پێکراوە، هەروەها لەسەر شانۆی جیهان قبوڵ کراوە. مسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پایتەختی سەرجەم وڵاتانی جیهاندا پێشوازی لێدەکرێت، لە نێویاندا وڵاتانێک کە ماوەیەک لەمەوپێش نکۆڵییان لە بوونی کورد دەکرد. سەرکردە سیاسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٨٨دا کەسیان دەست نەدەکەوت گوێ لە تکاو سکاڵای نائومێدانەیان بگرێت، ئێستا بانگهێشتنامەیان پێدەگات و جیهان گوێیان لێدەگرێت لە مونتەداکاندا هەر لە داڤۆسەوە بۆ دوربان. ئەگەرچی هێشتا ڕووبەڕووی تەحەددی و هەڕەشەی گەورە بوونەتەوە، بە چەشنی کوردەکانی دەوڵەتە دراوسێکانیان، بەڵام بەڕاستی ڕێگایەکی دوورودرێژیان بڕیوە.**



دەیڤید ڕۆمانۆ*

مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

بیست و پێنج ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر هێرشکردنە سەر هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، کەواتە ڕەنگە ئێستا کارێکی گونجاو بێت، هەڵوێستەیەك بکەین و بەراوردی دۆخی کوردی ئەو کاتە بە ئێستا بکەین.

هەندێ جار بیست و پێنج ساڵ بۆ خەڵك گۆڕانێکی زۆر ناهێنێتە ئاراوە. بۆنموونە ئەگەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کورد هەڵوێستەیان بکردایەو بیریان لە بارودۆخی چارەکە سەدەیەکی رابردووی خۆیان بکردایەتەوە، ئەوەی جێی سەرنج بوو لە ماوەی ئەو ساڵانەدا تەنیا چەند شتێکی کەم گۆڕانگارییان بەسەردا هاتبوو، بەڵام پێدەچێت ٢٥ ساڵی ڕابردوو بە دیاریکراوی لە پاش هێرشەکانی کرانە سەر هەڵەبجە، بۆ کورد هەڵگری قۆناغێکی نوێ بێت.

بۆ ئەوەی بزانین کە چەند گۆڕانگاری ڕوویانداوە، باشترە بگەڕێینەوە بۆ هەلومەرجی ڕۆژگاری هەڵەبجە. لەو کاتەدا کە شەڕی عێراق و ئێران لە ئارادا بوو، جیهان هەر وەك نەریتی خۆی ئامادە بوو ئەو تەنگژەیە لەبیربکات کە دووچاری کورد ببۆوە بەهۆی ناکۆکی نێوان دوو بلۆکەوە. لە هەوڵێکدا بۆ لاوازکردنی سەرکوتکارەکانیان لە بەغدا، بەشێك لە کورد یارمەتی سوپای ئێرانیاندا لە ماوەی شەڕەکەدا. لە بەرامبەردا سەدام حوسێن جامی تۆڵەی خۆی بەسەر هەموو کوردستاندا ڕشت، نەك تەنیا بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر هەڵەبجە، بەڵکو هێرشی بەرفراوانی کردە سەر ژمارەیەکی بێشومار لە گوند و شارۆچکەکانیش.

هەڵمەتی ئەنفال، کە لە ساڵی ١٩٨٧دا دەستی پێکرد، ناوچەکانی کوردستانی خاڵی کرد لە دانیشتووانەکەی، پیاوان و ئافرەتان و مناڵەکانیانی ڕەوانەی کێڵگەکانی مردن کرد لە باشووری عێراق و گۆڕە بە کۆمەڵە نادیارەکانی پێ پڕ کردنەوە. کاتێك نوێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەوڵیاندا سەرنجی جیهان بۆ ئەو ڕووداوانە ڕابکێشن، پشتگوێ دەخران، یان باوەڕیان پێنەدەکردن، تەنانەت هەندێ لە دیبلۆماتکارە عەرەبیەکانی دەوڵەتە دراوسێکان تا ئەو سنوورە ڕۆیشتن و وتیان کە ئامانج لەم تاوانبارکردنەکانەی عیراق لەلایەن کوردەوە لادانی سەرنجی جیهانە لەسەر ئینتیفازەی فەلەستینیەکان کە لەو کاتەدا بەرپا کرابوو.

هەروەها لەو ڕۆژگارەدا نەهامەتی و تارێکی باڵی بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا کێشابوو. لە کوردستانی باکووردا، سیاسەتی فەرمی دەوڵەتی تورکیا نکۆڵیکردن بوو لە کورد و زمان و کەلتوور و تەنانەت بوونیشیان. بەرپرسەکانی ئەنقەرە ناوهێنانی پارتی کرێکارانی کوردستان، وەك بزوتنەوەیەکی کوردی کە لە ساڵی ١٩٨٤ەوە شەڕی یاخیبوونی دەکرد ڕەتدەکردەوە. لەبری ئەوە بانگەشەی ئەوەیان کرد ئەوان تەنیا تیرۆریست

و تاوانکارن و هیچی تر. لە ڕۆژئاڤا (کوردستانی سوریا)، دەوڵەتی بەعسی حافز ئەل ئەسەد بە چنگی ئاسنین ڕەفتاری لەدژی کورد دەنواند، بە سەدان هەزاریان هەر بێبەش کرابوون لە ڕەگەزنامەو بەڵگەنامەی هاووڵاتیبوون، چ جای ئەوەی هەر ئیعتیرافی بە کورد نەدەکرد.

چالاکوانانی کورد لە ژووره نوتەکەکانی ئەشکەنجەدانی ڕژێمەکاندا بێ سەرو شوێن دەبوون، ئەگەر کەمترین بێزارییان لە ڕەوش و بارودۆخی خۆیان دەربڕیبایە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کەوتنی شا لە ساڵی ١٩٧٩دا، بۆ ماوەیەکی کەم ئومێدێکی لای کورد بووژاندەوە بەوەی زیاتر لە ئازادی بەهرەمەندبن. بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت ڕژێمی تازەش هاوسۆز نییە بە خەونی دێرینەیان و لەگەڵ ئەوەشدا بە هەمان دەستووری شای لادراو، ئەوانیش هەر زوو کەوتنە سەرکوتکردنی هەر نارەزایی دەربڕینێکی کورد.

لە هەموو بەشە داپچڕاوەکانی کوردستاندا، ڕۆژنامەنووسەکان لە بۆنەی زۆر دەگمەندا دەردەکەوتن، زیاتریش بە هاوڕێیەتی ئەو کەسانە دەردەکەوتن کە حکومەت وەك «چاوساغ» دەستنیشانی کردبوون، ئەویش بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن ڕووداوە ڕاستەقینەکان بە چاوی خۆیان ببینن و ڕاپۆرتیان لەبارەوە بنووسن. لە ڕۆژگاری پێش سێڵ فۆن، دیسکتۆپ و کامێرای گیرفانی و ئەنتەرنێتدا، تاریکی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو. خەڵکی دەپرسن، ئایا ئەگەر درەختێك لە دارستانێك بکەوێت و کەس گوێی لە برینەوەی نەبێت، ئایا ئەمە هیچ دەنگێك دروست دەکات؟ لە حاڵەتی کێشەی کوردا، هەموو سەرکوتکاریەکانی دەوڵەتی و کەوتنی هەموو درەختە کوردییەکان لەسەر شانۆی جیهان هیچ دەنگێکیان دروست نەکرد، کوردیش «جگە لە چیاکان دۆستی دیکەیان نەبوو.»

کەواتە گۆڕانکارییەکانی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوو چەند جێی سەرنج بوون- بەلای کەمەوە لە زۆربەی بەشەکانی کوردستاندا. ئێستا لە تورکیا، حکومەت بە ڕەسمی گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکەو پارتە کوردستانییە فەرمیەکەی وڵاتەکەدا دەکات، باریس ڤە دیموکراسی پارتیسی ( بەدەپە). نەك تەنیا ئیعتیراف بە کورد کراوە، بەڵکو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو مۆسیقاو ڕادیۆو کتێبی کوردی بە ئاشکراو بە شێوەیەکی یاسایی لەسەرتاسەری وڵاتەکەدا هەبوونیان هەیە. زانکۆکان بەشی دیراساتی کوردییان کردۆتەوە. کوردی سووریاش لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیەکی لاوازدا دەستیان کردەوە بە حکومڕانیکردنی خۆیان دوور لەو شەڕە ناوخۆییەی ناو سووریا کە هێشتاش هەر بەردەوامە. شارەوانییە کوردییەکان ئاڵای کوردستان کە بە خۆر و ڕەنگەکانی دیکە ڕازێنراوەتەوە هەڵدەدەن، زمانی کوردی دەخوێنرێت، پارتە سیاسیە کوردییەکان بە ئاشکرا ململانێی یەکتر دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی دڵسۆزی خەڵك. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا ئەم دەستکەوتانە لە تورکیاو سوریادا لەرزۆکن، بەڵام نابێت ئەو دەستکەوتانە کەم بکرێنەوە. بارودۆخی هەردوو وڵاتەکە هیچی کەمتر نییە لە بارودۆخێکی شۆڕشگێرانە ئەگەر بەراورد بکرێت بە هەلومەرجی باڵادەستی بیست و پێنج ساڵ پێش ئێستا.

بە دڵنیاییەوە، حاڵەتی کوردی عێراق، لە هەموویان بەرچاوترو دیارترە. جیهانێك کە ئامادە نەبوون ئاوڕیان لێبدەنەوە، بەر لە بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر، کوردستانی عێراق بە چەشنێك گەشەی کردووەو بەرەوپێش چووە کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی (خۆبەڕێوەبەری) و مافی بڕیاردانی چارەنووسە کە بە فەرمی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیعتیرافی پێکراوە، هەروەها لەسەر شانۆی جیهان قبوڵ کراوە. مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پایتەختی سەرجەم وڵاتانی جیهاندا پێشوازی لێدەکرێت، لە نێویاندا وڵاتانێك کە ماوەیەك لەمەوپێش نکۆڵییان لە بوونی کورد دەکرد. سەرکردە سیاسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٨٨دا کەسیان دەست نەدەکەوت گوێ لە تکاو سکاڵای نائومێدانەیان بگرێت، ئێستا بانگهێشتنامەیان پێدەگات و جیهان گوێیان لێدەگرێت لە مونتەداکاندا هەر لە داڤۆسەوە بۆ دوربان. ئەگەرچی هێشتا ڕووبەڕووی تەحەددی و هەڕەشەی گەورە بوونەتەوە، بە چەشنی کوردەکانی دەوڵەتە دراوسێکانیان، بەڵام بەڕاستی ڕێگایەکی دوورودرێژیان بڕیوە.

پێدەچێت تەنیا شوێنێك مابێت کە تیشکی خۆری (کوردی) پێنەگەیشتبێت: کوردستانی ڕۆژهەڵات، یان کوردستانی ئێرانە. لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردودا بارودۆخی کوردەکانی ئێران گۆڕانێکی کەمی بەسەردا هاتووە. دەستگیرکردنی نارەوا، دەستبەسەرکردن و ئەشکەنجەدان ڕۆژانە ئەنجام دەدرێن لە دژی هەر کەسێك کە دەنگی بەرز بکاتەوە یان تاوانبار بکرێت بەوەی بۆچوونێکی پێچەوانەی دەربڕی بێت. ئەگەرچی کوردەکانی ئێران لە ڕووی زمان و ئیتنیەوە لە فارسەکان نزیکترن وەك لە تورك یان عەرەب، بەڵام زۆربەیان سوننە مەزهەبن، بەو پێیە دووجار کەمینەن لەو دەوڵەتە شیعەیەدا. بە ڕاددەیەکی گەورە، جیهان لە بێ ئاگاییدایە لەوەی لە دارستانی تاریك و بێدەنگی کوردستانی ئێراندا دەگوزەرێت. کوردەکانی ئێران بانگهێشتنامەیان پێناگات بۆ مونتەداکانی جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا، بە ڕەچاوکردنی ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییەی لە جیهاندا دەگوزەرێت، ڕەنگە ناچار نەبن بیست و پێنج ساڵی دیکە چاوەڕێی گۆڕانکاری بکەن.


*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری**

**مسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پایتەختی سەرجەم وڵاتانی جیهاندا پێشوازی لێدەکرێت، لە نێویاندا وڵاتانێک کە ماوەیەک لەمەوپێش نکۆڵییان لە بوونی کورد دەکرد**

**بەر لە بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر کوردستانی عێراق بە چەشنێک گەشەی کردووەو بەرەوپێش چووە کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی(خۆبەڕێوەبەری) و مافی بڕیاردانی چارەنووسە کە بە فەرمی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیعتیرافی پێکراوە**

### یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

# ئاوێنەیەک بۆ خواستەکانی کورد و پەیامی ئاشتی و شارستانی



د.کەمال کەرکوکی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕۆژی ٢٢ی تەمموزی ٢٠١٣ ڕووداوێکی مێژوویی بەخۆیەوە بینی کە گەلە خەباتکارەکەمان لە دوای ساڵانێکی دوور و درێژی قوربانیدان چاوەڕوانی بەدیهاتنی دەکرد، ئەوەبوو بە سەرپەرشتی و چاودێریی ڕاستەوخۆی سەرۆك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی ئامادەکاریی یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی لە ئامێز گرت و تێیدا بۆ جاری یەکەم (٣٩) حزبی سیاسی کوردی کۆبوونەوە کە نوێنەرایەتی هێز و لایەنەکانی کوردی لەهەر چوار پارچەی کوردستان دەکرد، وەك ئاماژەیەك بۆ دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی گەلی کوردی خەباتکار، کۆبوونەوەی ئەو هێز و لایەنە کوردیانە بووە هۆی شادومانیەکی گەورەی گەلەکەمان و جارێکی دی هیوا و ئاواتەکانی بووژاندەوە لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی، هەڵبەت ئەویش لە میانی هەڵهێنانی هەنگاوێکی شارستانیانەی دەگمەن لەسەر ئاستی مێژووی تێکڕای گەلانی ناوچەکە.

خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردمان بە درێژایی مێژوو ئەو خەسڵەتەی هەڵگرتووە کە هەمیشە پەیوەست و پەرۆشی شێوازی ئاشتیخوازانە بووە و لە پێگەی پرانسیپی یەکسانییشەوە هەمیشە ویستوویەتی لەگەڵ گەلانی ناوچەکەدا پێکەوەژیانێکی ئاشتیانەی هەبێ، بۆیە ئامانجی یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد گەیاندنی دەنگ و پەیامی گەلی کوردە، کە نەتەوەیەکە خاك و زمان و مێژوو و کەلتوور و ژمارەی روون و بەرچاوی دانیشتووانی خۆی هەیە، نەتەوەیەکە دووچاری هەڵمەتەکانی پاکتاوی ڕەگەزی (جینۆساید) هاتووە، ئەو نەتەوەیە وەك هەر گەل و نەتەوەیەکی دی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە و داوای مافە ڕەوا و یاساییەکانی خۆی دەکات لە چوارچێوەی پرانسیپەکانی ئاشتی و دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەو ڕێزگرتنی بەرامبەر.

ساڵانێکی دوور و درێژ ماکینەیەکی میدیایی دوژمنکارانە دژ بە نەتەوەی کورد لە کاردا بوو بە مەرامی شێواندنی ڕاستیی داواو خواستەکانی گەلەکەمان و بڵاوکردنەوەی بۆچوون و وێنای چەوت دەرهەق بە جەوهەری ڕاستەقینەی خەبات و قوربانیدانی کورد، ئەو ماکینە میدیاییە بە هەموو ڕێگایەك لە هەوڵی تێکدان و شێواندنی ناسنامەی کورد و کوردایەتی دا بوو، بەڵام بە هۆی خەبات و تێکۆشانی سەرسەختانەی گەلەکەمان هەموو ئەو پیلانە ستەمکارانە نوشوستیان هێنا و مایەپووچ بوون.

لێرەدا گرنگیی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی و کۆبوونەوەی هێز و لایەنە کوردیەکان بەدیار دەکەوێ، بۆ

داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی گەلەکەمان و جەختکردنەوە لەسەر گرتنەبەری شێوازی ئاشتییانە و دیموکراسیانە بۆ وەدیهێنانی هیوا و ئامانجەکانمان لە چوارچێوەی پرانسیپی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و رێزگرتنی تەواو لە ماف و ئازادییەکانی سەرجەم ئەو پێکهاتانەی لەسەر خاکی کوردستان دەژین بە جیاوازیی ئایین و ئەتنیك و زمان و بیروبۆچوون و ئایدیاوە.

بۆیە لێرەدا و لە میانی ئەم وتارەدا، دەمانەوێ بۆ خوێنەرانی ئازیز گرنگترین ئەو سەرنج و بیرۆکانە بخەینە روو کە پەیوەستن بە گرنگیی و ئامانجەکانی کۆنگرە و کاریگەریەکانی لەسەر ئایندە و چارەنووسی گەلی کوردمان.

**بیرۆکە و ئامانجەکانی کۆنگرە:**

لە نێو ئەو هەموو کارلێك و رووداوە خێرایانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شۆڕشەکانی گەلانی ناوچەکە و بەرجەستەبوونی ویست و ئیرادەی گەلان و پێکهاتە جیاجیاکان بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانیان و لە پێش هەموویانەوە مافی بڕیاردانی چارەنووس و مافی ئازادانە و ئابڕوومەندانەی ژیان و رزگاربوون لە سیاسەتی چەوسێنەرانەی شێواندن و لەناوبردنی ناسنامە و کەلتووری شارستانی، هەروەها لە گەرمە گەرمی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان لە پێناو شادبوون بە مافە رەواکانی وەك هەر گەلێکی دی لە ناوچەکە، لە رابردوودا چەندین جار وتووێژ و گفتوگۆی قووڵ لە بارەی بیرۆکەی سازدانی کۆنگرە لە نێوان هەر چوار برای خەباتکار سەرۆك جەلال تاڵەبانی (کە داوای ساغ و سەلامەتی و زوو چاکبوونەوە و زوو گەڕانەوەی بۆ خاکی کوردستان دەخوازین) و بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان (هیواداریین زوو ئازاد بکرێ لە پێناو خزمەتکردنی دۆزی کورد و سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی ) و شەهید ئیدریس بارزانی و سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان رێزدار مەسعود بارزانی، بەڵام ئەو بارودۆخ و لەمپەرە سیاسی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییانەی رێگربوون لەبەردەم گەڵاڵەبوونی بیرۆکەکە، بوونە هۆی ئەوەی بیرۆکەکە رووناکی نەبینێ و کۆنگرەکەش لەو کاتەدا ساز نەدرێ.

بیرۆکەی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەسەر خاکی کوردستان و بە بەشداریی حزبە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسی و ئەکادیمستان و ئەوانەی لە بواری کۆمەڵی مەدەنی لە هەر چوار پارچەی کوردستان کاردەکەن؛ لەسەر بنەمای بیرۆکەی ئەوسا بەڕێوە دەچێ کە لە نێوان هەر چوار سەرکردەکە لە کات و بارودۆخی جودا وتووێژی لەبارەوە کراوە.

ئێستاش؛ کە گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە پەرەی بە ئاستی هۆشیاری گەلان داوە لەبەرامبەر مافەکانیان بە تایبەتی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس، کاریگەریی ئەرێنی کردە سەر دۆزی کورد و پاڵنەرێکی نوێی هێنایە ئارا و خەباتی کوردی بردە قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتووترەوە، سالانی دوور و درێژی تێکۆشان و ئەزموونی سیاسی ئەوەی بۆ سەلماندین کە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە میانی دیدگا و جیهانبینییەکی ورد و خوێندنەوەیەکی سەرتاپاگیر بۆ دەرەنجامی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەبێ، لەبەر ئەوەی دۆزی کورد لەو پێدراوە نوێیانە جیا ناکرێتەوە، بەو مەرجەی کە ئەو پێدراو و گۆڕانکاریە خێرایانە نەبنە هۆی گرتنەبەری شێوازەکانی توندوتیژیی، بەڵکو دۆزی کورد هەر پەیوەست و پابەند بمێنێتەوە بە خەسڵەتی ئاشتیخوازانە و دیموکراسیانەی خۆیەوە؛ کە بە درێژایی سالانی خەباتی نەپساوەی خۆی هەر وا بووە.

لەبەر ئەوە، دەبینین گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامرازەکانی گوزارشتکردنی ئاشتییانە و ناتوندوتیژییان بۆ فەراهەم بوو کە دەست بە شۆڕشەکانی خۆیان بکەن، بەڵام هەر وەك چۆن رووداوەکانی ئێستا پیشانی دەدەن؛ گشت ئەو شۆڕشانە شێوازی ئاشتییانەیان نەگرتە بەر؛ بەڵکو لە هەندێ دۆخ و نموونەدا بزاوتی ئاشتییانە تێکەڵ بە ئۆپەراسیۆنی خوێناوی سەربازیی بوون، بۆ ئەوەی ئێمەش جەخت لەسەر خەباتی ئاشتیخوازانەی خۆمان بکەینەوە و بە گرتنەبەری هەموو شێوازەکانی دیموکراسی و ناتوندوتیژەوە پەیوەست بین؛ سازدانی ئەو کۆنگرە نەتەوەییەمان بە گرنگ بینی وەك ئامرازێکی نوێی گوزارشتکردن لە هیوا و خواست و ئامانجەکانی نەتەوەکەمان بەتایبەتی کە ئێستا باری بەستی ئەو کۆنگرە چاوەڕوانکراوە گونجاوە و لە بەرژەوەندی گەلەکەماندایە.

سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی وەك ئامرازێکی ئاشتییانە؛ هەنگاوێکی نوێ و سەردەمیانەیە بۆ گوزارشتکردن لەو خواست و ئامانجانەی گەلەکەمان کە خۆی لە مافی یاسایی و رەوای خۆبڕیاردانی چارەنووس دەبینێتەوە بەو شێوازەی لەگەڵ رەوشی خۆیدا بە گونجاوی دەبینێ، هەروەها کۆنگرە دەروازەیەکە بۆ تاوتوێکردنی شێوازی ئاشتیخوازانەی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی ناوچەکە کە دەیەوێ ئازادی و مافە یاسایی و رەواکانی خۆی وەدەستبێنێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر چەند پشتیوانیی لە بزاوتی ئێستای گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات بۆ وەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسی؛ پێویستە ئاگای لە دەنگی گەلی کورد بێ و دۆزی گەلی کوردیش لەسەر مێزی تاوتوێکردنی ئەو پرسانە دابنێ کە گرێدراوی رزگاربوون و بەجێگەیاندن و وەدیهاتنی خواست و ئیرادەی گەلانە و ماوەیەکە وتووێژ و بگرەوبەردە و باسوخواسی

**ئامانجی یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد گەیاندنی دەنگ و پەیامی گەلی کوردە، کە نەتەوەیەکە خاك و زمان و مێژوو و کەلتوور و ژمارەی روون و بەرچاوی دانیشتووانی خۆی هەیە**

**سالانێکی دوور و درێژ ماکینەیەکی میدیایی دوژمنکارانە دژ بە نەتەوەی کورد لە کاردا بوو بە مەرامی شێواندنی راستیی داوا و خواستەکانی گەلەکەمان و بلاوکردنەوەی بۆچوون و وێنای چەوت دەرهەق بە جەوهەری راستەقینەی خەبات و قوربانیدانی کورد، ئەو ماکینە میدیاییە بە هەموو رێگایەك لە هەوڵی تێکدان و شێواندنی ناسنامەی کورد و کوردایەتی دا بوو**

پاڵپشتیی نێودەوڵەتیی لەبارەوە هەیە.
خواست و ئارەزووی گەلی کورد بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، هەرگیز بە مانای بانگهێشتکردن بۆ دەست تێخستنی نێودەوڵەتیی یان بە نێودەوڵەتیکردنی دۆزەکەی یان بۆ ورووژاندنی گەلان لە دژی وڵاتەکانیان نایەت، بەڵکو گەلی کورد دەیەوێ دۆزەکەی ئەویش لە نێو ئەو دۆزە گرنگانەدا بێت هەر کاتێك کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاوتوێ دەکرێن. وەك نموونەیەکی روونیش لەسەر ئەو بابەتە؛ ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی سەرقاڵی تاوتوێکردنی خواست و مافەکانی گەلی سوریایە، کێشمەکێشێکی سیاسی و مرۆڤایەتی لە ئارادایە و هەندێ جار دەگاتە ئاستی کاری سەربازیی سەبارەت بە چۆنیەتی یارمەتیدانی گەلی سوریا، باشتر وایە دۆزی گەلی کورد لە سوریا بە هەمان شێوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دۆزی کوردیش لەسەر هەمان ئەو مێزە تاوتوێ بکات کە کێشەی گەلی سوریای لەسەر تاوتوێ دەکات، ئاوڕی جدیانەش لە پرسی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە سوریا بداتەوە.
گرنگیی سازدانی ئەو کۆنگرە مێژووییە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵ بۆ وەدیهێنانی چەندین ئامانج دەدات کە وەك ئاوێنەیەك وان بۆ رۆحی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و هیوا و ئاواتەکانی لە پێناو وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە بەهەر شێوازێکی دیموکراسی و ئاشتییانە، بۆیە کۆنگرە دەیەوێ:
١. دەستەبەرکردنی چوارچێوەی بەیەکەوەبوون بۆ حزبە سیاسییەکانی سەرانسەری هەرچوار پارچەی کوردستان بە جیاوازی ئایدیۆلۆژیاکانیانەوە، لە پێناو تاوتوێکردن و وتووێژکردن و گۆڕینەوەی شارەزایی و گفتوگۆکردنی دیدو بۆچوونە جیا جیاکان سەبارەت بە رێگا و شێوازەکانی بزاوت و تێکۆشانی ئاشتییانە و لە کەشێکی دیموکراسی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان کە یەکەمین ئەزموونی کوردی سەرکەوتووە لەم سەردەمە نوێیەدا.
٢. گەیشتن بە رێککەوتن و پەیماننامەیەکی کارکردن لە نێوان حزبە کوردیە جیاجیاکان؛ کە تێیدا کوشتار لە نێوان حزبە کوردیەکان تەحریم و تەجریم بکرێ و گەلی کورد لە نەهامەتییەکانی شەڕی خۆبەخۆیی دوور بخرێتەوە.
٣. دیارکردن و جیاوازپیشاندانی دەنگی گەلی کورد لە نێو ژاوەژاوی دەنگ و ئەجێندای جیاجیای نەتەوە و پێکهاتە و تایەفەکانی دی کە لە سەر گۆڕەپانی بزاوتی سیاسی و کەلتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێن.
٤. گەیشتن بە کارنامەیەکی سیاسی هاوبەش و فراوان سەبارەت بە جینۆساید کردنی گەلی کورد و ناساندنی لەسەر ئاستی جیاجیای نێودەوڵەتیی و دامەزراوەکانی دنیای دیموکراسی، وەك ئۆپەراسیۆنەکانی پاکتاوکردنی رەگەزیی و گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و قەدەغەکراو و هەڵمەتە بەرنامە بۆداڕێژراوەکانی ئەنفال و سەرجەم هەڵمەتەکانی قەڵاچۆکردن کە چەندین جار دژ بە هاووڵاتیانی مەدەنی لە ئافرەت و منداڵ و پیر و خەڵکی بێگوناهـ و بێدیفاعی گەلەکەمان پەیڕەو کراوە، ئەو گەلەی تینووی ئاشتی و دیموکراسی و ژیانێکی ئارام بووە لەسەر خاکی خۆی.
٥. ناساندنی واقیع و ئامانج و خەبات و قۆناغەکانی دۆزی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی.
٦. بەدیارخستنی دۆسیەی دۆزی کورد و دانانی لەگەڵ دۆسیە گرنگەکانی دیکەی ناوچەکە؛ لە چوارچێوەی ئەو وتووێژەی لەبارەی مافی نەتەوە جیاجیاکاندا لەسەر ئاستی هەرێمایەتیدا لە ئارادایە « جیهانی عەرەبی، تورکیا و ئێران».
٧. دەستەبەرکردنی کەشێکی لەبار و گونجاو بۆ کاری هەماهەنگیی نێوان حزبە کوردیەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بە مەبەستی گەیشتن بە ستراتیژییەتێك تێیدا رێککەوتن لەسەر هێڵی گشتیی کاری خەباتی ئاشتییانە بکرێ دوور لە هەر توندوتیژییەك، ئەویش بە گرتنەبەری شێوازی سیاسی و دیموکراسی و ئاشتییانەی سەردەمیانە لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە رەواکان.
٨. هاوکاریکردنی جەمسەرە کوردییەکان بۆ گەیشتن بە نزیکبوونەوەیەکی هزریی و زەمینەسازیی دروستبوونی پەیوەندی بەستن لە نێوانیاندا، ئەویش لە میانی ئاگاداربوون و سوود وەرگرتن لە ئەزموونە سەرکەوتووەکەی هەرێمی کوردستان.
٩. ناساندنی رۆڵی رەسەن و گرنگی ئافرەتی کورد، چ لەسەر ئاستی خەبات و کاری سیاسی، یان لەسەر ئاستی جڤاکی و ئابووریی، هەروەها کارکردن بۆ گەڵاڵەکردنی پەیماننامەیەکی کاری ستراتیژیی لە نێوان حزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە مەبەستی شیاندن و تواناسازیی ئافرەتی کورد و یارمەتیدانی لە پێناو ئەوەی لە رووی ئابوورییەوە رزگار ببێ و پەرەپێدانی رۆڵی گرنگی ئافرەت لەسەرجەم کەرتەکانی کۆمەڵگە و بوارەکانی کار.
١٠. جەختکردنەوە لەسەر ناساندنی رۆڵی گەنجانی کورد لە رووی کاراکردنی چەمکە سیاسی و دیموکراسی و کەلتووریە سەردەمییەکان، لە چوارچێوەی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و کارکردن بۆ راگەیاندنی کارنامەیەکی هاوبەش بۆ گەنجانی کورد لەسەرانسەری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.
١١. ناساندنی رۆڵی گرنگ و بنیاتنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەوەی کە ئامرازی گرنگی تێکۆشانی

**گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە پەرەی بە ئاستی هۆشیاری گەلان داوە لەبەرامبەر مافەکانیان بە تایبەتی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس، کاریگەریی ئەرێنی کردە سەر دۆزی کورد و پاڵنەرێکی نوێی هێنایە ئارا و خەباتی کوردی بردە قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتووترەوە**

**سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی وەک ئامرازێکی ئاشتییانە؛ هەنگاوێکی نوێ و سەردەمیانەیە بۆ گوزارشتکردن لەو خواست و ئامانجانەی گەلەکەمان کە خۆی لە مافی یاسایی و رەوای خۆبڕیاردانی چارەنووس دەبینێتەوە بەو شێوازەی لەگەڵ رەوشی خۆیدا بە گونجاوی دەبینێ**

ئاشتییانەی دیموکراسین، چونکە کومەڵی مەدەنی وەك کەرتێکی کارای نێو کۆمەڵگە ئەڵقەیەکی بەیەك گەیشتنی نێوان حکومەت و گەلانە، کارەکانیشیان خزمەت بە پێشخستن و پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراسی و پتەوکردنی ئامراز و میکانیزمەکانی دەکات لە نێو کۆمەڵگەدا.

١٢. ناساندنی خاك و خەڵکی کوردستان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی و گەلانی ناوچەکە، بەو شێوەیەی کە وێنەی رەسەن و راستەقینەی مێژوو و خەسڵەت و کەلتوور و کەلەپووری گەلی کورد بخاتەڕوو.

١٣. تیشك خستنە سەر وێستگە گرنگەکانی کاروانی خەباتی گەلی کورد و ستایشکردن و بەرز راگرتنی سیمبولەکانی بزاڤی کوردایەتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لە رێگای ئامادەکردنی بەڵگە و دیۆکۆمێنتاری لەسەر کەسایەتییە هاوچەرخەکانی کورد.

١٤. ناساندنی واقیعی رۆشنبیریی و وێژەیی و هونەریی لە هەر چوار پارچەی کوردستان و رۆڵی ئەو واقیعە لە رووی پتەوکردنی هەستی نەتەوایەتی لای گەلی کورد، لەگەڵ چۆنیەتی پەرەپێدانی کەناڵەکانی ناساندنی رۆشنبیریی و وێژە و هونەری کوردی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیی.

١٥. ناساندنی رۆڵی راستەقینە و گرنگی کەرتی میدیا، دیاریکردنی ماهیەتی کاری رەسەنی ئەو راگەیاندنەی پیشەییتی پەیڕەو دەکات و هەموو تواناکانی دەخاتە گەڕ لە پێناو خزمەتگەیاندن بە دۆزی گەل و پرسی رزگاربوون و دیموکراسییەت، نەك پەیوەستبوون بە مەیلێکی حزبگەرایی دیاریکراو کە ببێتە هۆی ترازاندنی یەکێتی کۆمەڵگە و پەرتکردنی یەکڕیزیی کورد. هەروەها ناساندنی رۆڵی راگەیاندن وەك فاکتەرێکی ئەرێنی و کۆکەرەوەی کەرتە جیاجیا و هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، نەك فاکتەری پەرتەوازەکردن و پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگە.

سەبارەت بە میوانان و بەشدارانی کۆنگرەش، هیوادارین لە دوای ئەو وتوویژ و گفتوگۆیانەی لە نێوان حزبە سیاسییە بەشدارەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە بەڕێوە دەچن بۆ تاوتوێکردنی وردەکاریەکانی ئامادەکاریی بۆ رێکخستن و سازدانی کۆنگرە و پێشنیازی بانگهێشتی رەسمی ئاراستەی چەندین کەسایەتی و لایەنی جیاجیا بکرێت لە عێراق و هەرێمایەتی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و هەروەها نێودەوڵەتیی.

وەك نموونە؛ سەبارەت بەو بەرێزانەی ئومێدی بەشداربوونیان لە کۆنگرەکە دەخوازرێ لەسەر ئەو میکانیزمەی باسکرا؛ بەم شێوەیە بێت:

حزبە سیاسییە کوردییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەکادیمیستان و یاساناس و پسپۆر و شارەزایانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، کونسوڵگەریی و نێردە و نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی نێودەوڵەتیی و عەرەبی لە هەرێمی کوردستان، شاندێکی حکومەتی عێراقی لەگەڵ شاندێك بە نوێنەرایەتی حزبە عێراقییە جیاجیاکان، هەروەها بەشداریی رێکخراوە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییە جیاجیاکانی وەك؛ کۆمکاری عەرەبی، ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، رێکخراوی هاریکاری ئیسلامیی، یەکێتی ئەورووپی و نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ شاندی حکومەتەکانی وڵاتانی دراوسێ بە سوریاشەوە کە ئۆپۆزسیۆنی سوریا نوێنەرایەتی بکات و بە دەستنیشانکراوی ئەو لایەنەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی و دامەزراوە دیموکراسیەکان دانیان پێدانرابێت بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە. لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کورد و نوێنەرانی گەلی کورد لە سوریا. بێجگە لەوانە؛ بانگهێشتکردنەکە کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمیستانی کارای سەر ئاستی نێودەوڵەتیی و دۆستە بیانییەکانی گەلی کورد و پسپۆرانی بواری بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ و دۆزی کورد بگرێتەوە.

لە میانی ئەو دیدە فراوانەی روانین بۆ کرۆك و ماهییەتی یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و ئامانج و خواست و ئەو دەرەنجامانەی هیواخوازین کاریان پێ بکرێ لە پێناو خزمەتکردنی گەلە تێکۆشەرەکەمان کە قوربانیەکی یەکجار زۆری لە رێگای رزگاریدا بەخشیوە، هیواخوازین و بە هەموو توانایەکمانەوە کار بۆ وەدیهێنانی ئەو خەونە دەکەین کە ساڵانێکی درێژە لەمپەرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان رێگر بوون لە هاتنەئارای و بەو هۆیەوە گەلەکەمان ستەمێکی تاڵی سیاسەتە داپڵۆسێنەرەکانی چەشت و رۆحی دەیان و سەدان هەزار گەنج و ئافرەت و پیر و منداڵی گەلەکەمانی لە بەرۆکی ژیان و نیشتمان کردەوە.

بۆیە ئێمە هەموو هەوڵێکمان لەو پێناوەدا دەخەینە گەڕ کە خەونی گەلە ستەمدیدەکەمان بەدیبێنین، ئەو گەلەی یەکەمین هەنگاوی خۆی بەو ئاڕاستەیەدا لە رۆژی ٢٢ی تەمموزی ئەمساڵدا بە سەرکەوتوویی هەڵێنا و کۆنگرەکەشمان پەیامی ئاشتیانە و بانگی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ گەلانی ناوچەکە رادەگەیەنێ، کۆنگرە گوزارشت دەبێ لە یەکێتی ریزەکان و بە یەکەوەبوون و دەست لە ناو دەستی گەلی کورد و حزبە سیاسییەکانی کورد، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەبێتە ئاوێنەیەك بۆ رەنگدانەوەی مۆرك و ماهییەتی راستەقینەی گەلەکەمان و خەبات و تێکۆشانی لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا و دوور و نزیك بەو پەیامە ئاشتیخوازانە دێرینەی خۆی ئاشنا دەکات.

***

*** بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر چەند پشتیوانیی لە بزاوتی ئێستای گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات بۆ وەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسی؛ پێویستە ئاگای لە دەنگی گەلی کورد بێ و دۆزی گەلی کوردیش لەسەر مێزی تاوتوێکردنی ئەو پرسانە دابنێ کە گرێدراوی رزگاربوون و بەجێگەیاندن و وەدیهاتنی خواست و ئیرادەی گەلانە**

**خواست و ئارەزووی گەلی کورد بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، هەرگیز بە مانای بانگهێشتکردن بۆ دەست تێخستنی نێودەوڵەتیی یان بە نێودەوڵەتیکردنی دۆزەکەی یان بۆ وروژاندنی گەلان لە دژی وڵاتەکانیان نایەت، بەڵکو گەلی کورد دەیەوێ دۆزەکەی ئەویش لە نێو ئەو دۆزە گرنگانەدا بێت هەر کاتێک کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاوتوێ دەکرێن**



# کۆنگرەی نەتەوەیی پێشکەوتنی گەورەی بیری سیاسی کوردە



فلک الدین کاکەیی

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

بیری سیاسیی کورد لە سەدەی بیستەم بە دوو پێشکەوتنی گرنگ گەیشت، یەکەم دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ -١٩١٨)، دووەم لەگەڵ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٤٠ -١٩٤٥) وەختێ تەوژمی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و، سیستەم و بیروبۆچوونی دیموکراتی بە دنیا بڵاو بووەوە، ئەوە ئیتر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کەوتە بایەخدان بەهەردوو لایەنی رزگاری کۆمەڵایەتی و رزگاری سیاسی.

لەو میانەدا ناوە بەناوە باس لە رزگاری و سەربەخۆیی دەهاتە پێش، چ لە رێگەی هەندێ کەسایەتییەوە یا لە رێگەی هەندێ رێکخراوی سیاسییەوە. بیری سیاسی کورد، بە درێژایی سەدەی بیستەم و سەرەتای ئەم سەدەیە (بیست و یەکەم)، هێشتا مەلۆتکە مایەوە، نەهاتەبەر، تائێستا یەکسەرو، کوتوپڕ، ئەم کۆرپە جوانە خەریکە دەردەکەوێ، مەبەستم هەوڵدانە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی.

ئەوەش، لە راستیدا کوتوپڕ نەهاتووە، بەڵکو بەرهەمی دەیان ساڵی بیرکردنەوەی سەدان زاناو ژیری کوردو وانەو دەرئەنجامی دەیان ساڵی خەبات و قوربانیدانی خەڵکی کوردستانە، کە چەند نوشستی و کارەساتیان دووچار بووەو، هەر جارەکی، کە لێیان کۆڵیبێ بۆیان دەرکەوتووە کە هۆکاری ئەساسی مەینەت و کارەساتەکانیان بۆ دابەشبوونی کوردستان و، دوو بەرەکی و چەند بەرەکیی ناوخۆ بووە. هەر بۆیەش لە ساڵی ١٩٨٠ چەند پارتی سەرەکیی باکوور و باشوور، بەتایبەتی پارتی کارگەرانی کوردستان (پەکەکە) و پارتی دیموکراتی کوردستان، هاتنە

سەرۆك بارزانی و لیژنەی ئامادەكاری كۆنگرەی نەتەوەیی كورد



**لە ١٩٨٣، لەچەند كۆبوونەوەی دوو قۆڵیدا لە شاری دیمەشق، هەردوو سەركردە:عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن پەكەكەوە، ئیدریس بارزانی لەلایەنی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە، پرۆتۆكۆلی پرۆژەی كۆنگرەیەكی نەتەوەییان ئیمزا كرد، ئەویش لەسەر بناغەی خەباتی هاوبەشی هەمەلایەنە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی كوردستان**

سەر ئەوەی ئیتر ئەو قۆناغە نا دروستانە ببەزێنن و بیر لە قۆناغی یەكڕیزی نەتەوەیی و خەباتی رزگاری و سەربەخۆیی، بكەنەوە.

دوای چەند تەقەللای چەند قۆڵی بۆ بەستنی گردبوونەوەی نەتەوەیی گشتی و گەیشتن بە كۆنگرەیەكی گشتگیری نەتەوەیی، هەردوولا هاتنە سەر ئەو باوەڕە كە، هیچ نەبێ هەردوولا پەیمانی خەباتی هاوبەش و هاوئامانجی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی كوردستان، ببەستن.

لە ١٩٨٣، لەچەند كۆبوونەوەی دوو قۆڵیدا لە شاری دیمەشق، هەردوو سەركردە:عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن پەكەكەوەو، ئیدریس بارزانی لەلایەنی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە،پرۆتۆكۆلی پرۆژەی كۆنگرەیەكی نەتەوەیی ئیمزا بكەن، ئەویش لەسەر بناغەی خەباتی هاوبەشی هەمە لایەنە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی كوردستان و، لە چوارچێوەی ئامانجە سەرەكیەكانی دیموكراتی و دادپەروەری و رزگاربوونی ملیۆنامە كوردی چەوساوە و، گرتنەدەستی ئیرادەی میللی. بەو بۆنەوە بانگی گشتیان هەڵداو، گشتی پارت و رێكخراوەكانی چوار لایەنی كوردستانیان بۆ ئەو گردبوونەوە نەتەوەییە بانگ كرد.

هەرچەندە ئەم رێككەوتنە، لەسەرەتاوە تووشی كۆسپ و تەگەرە بوو، دڵ و ویژدانی نەتەوەی كوردی هەژاندو، لەهەموو لایەكەوە كەوتنە دیالۆگی چەند لایەنەو، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی باشتر و خێراتر لەپێناو سەرخستنی ئەم پرۆژەیە.

لە ١٩٨٣وە چەند هەوڵ و كۆششی دیكە هاتنە ئەنجامدان، تا ئەمساڵ (٢٠١٣) لە پڕدا نوێنەرانی گشت پارت و رێكخراوە سیاسییەكان پێكەوە لە سەلاحەددین دانیشتن، بۆ بەدیهێنانی خەون و ئامانجی هەزاران خەباتگێڕی كوردایەتی.

كەواتە رووداوی مێژوویی گردبوونەوەی ئەو هەموو لایەنانە، هەم كوتوپڕ هاتەپێش، هەم ئەنجامی تەبیعی تێكۆشانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەكەمە.

یەكەمین جارە هەموو لایەنێك لە دەوری مێزێك جەم دەبن، كە مێزی بڕیاردانی چارەنووسسازی رزگاری سیاسی و پێشكەوتنی كۆمەڵایەتیە.

هەر بۆیەش ناوی لێدەنێین گرنگترین پێشكەوتنی بیرسیاسی كورد لەم دوو سەدەیەدا.


روویەكی پێشكەوتنەكە لەوەدا دەردەكەوێ كە دەیان حزب و رێكخراو و كەسایەتی بیرمەندی سیاسی كوردستان، تا دوێنێ ئامادە نەبوون، دووراو دووریش سڵاو بۆ یەكدی بنێرن، كەچی ئێستا لە پێناو لێكۆڵینەوە لە بڕیارە نەتەوەییە سەرەكییەكاندا دادەنیشن لە كێشە و ئامانجە هاوبەشەكانی نەتەوە بكۆڵنەوە، تا كۆسپ و تەگەرە زاتیەكانی ناوخۆی كوردستان بەلاوە دەنێن.

خێرو بێر لە هزری تازەی بیری سیاسی كوردو، لە وزەو توانای نەوەی گەنجان و نەوەی هۆشیاری و بیری زانستی و داهێنەراندایە،

بارودۆخەكە هۆشیاری وریایی و راستگۆیی و راستكراوەیی گەرەكە تا لەم قۆناغەشدا، سەركەوتووانە دەربازببین.

**دەیان حزب و رێكخراو و كەسایەتی بیرمەندی سیاسی كوردستان، تا دوێنێ ئامادە نەبوون، دووراو دووریش سڵاو بۆ یەكدی بنێرن، كەچی ئێستا لە پێناو لێكۆڵینەوە لە بڕیارە نەتەوەییە سەرەكییەكاندا دادەنیشن لە كێشە و ئامانجە هاوبەشەكانی نەتەوە بكۆڵنەوە، تا كۆسپ و تەگەرە زاتیەكانی ناوخۆی كوردستان بەلاوە دەنێن**

# کۆنگرەی نەتەوەیی، چەترێکی نوێی لێکتێگەیشتن



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نکۆڵی ناکرێ کە یەکەم: کورد نەتەوەیەکی ستەملێکراوی بە قەبارە گەورەی دنیایە کە بێ دەوڵەت بێ و بێ ئیرادەی خۆی وڵاتەکەی «کوردستان» دابەشکراوە، هەر پارچەیەکی بە دەوڵەتی گەلێکی سەردەستی عەرەب و تورك و فارس لکێنراوە. لەناو ئەو دەوڵەتانەدا ستەمی زۆر لە کورد کراوە و لە مافەکانی بێبەشکراوە، بەشێکی کوردستانی باشووری لێ دەرچێ کە جۆرێ لەخۆبەڕێوەبەریی تێدایە.

دووەم: هەر پارچەیەکی وڵات هەلومەرجی کۆنکرێتی خۆی هەیە و ئەوەش بە بزاڤەیلی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان و رابەرایەتی و دروشمەکانی رۆژ و ئامانجەکانیانەوە دیارە. سێیەم، یەکەتیی نەتەوەیی هۆکارێکی بەهێزی نەتەوەیە بۆ گەیشتن بە مافەکانی و بە پێچەوانەشەوە ناتەبایی و نەسازان و هەر لایە بۆ خۆی، زیانی بە کوردینی گەیاندووەو لە رەهەندێکی مەزن کە قووڵایی نەتەوەییە سوودێکی کەم وەرگیراوە.

چوارەم، کوردیش وەك هەر گەلێکی دیکەی ئەم دنیایە مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، جا شێوەی پێرەوکردنی ئەم مافە بە گوێرەی هەلومەرجی هەستپێکراوی هەر پارچەیەکی کوردستان، هەر فۆرمۆڵەیەك وەربگرێ و گەل رای لەسەر بێ، دروستە.

لە چەندین وێستگەی دیرۆکیدا، کوردی ئەم پارچە بە هانای ئەو پارچەیە یان ئەوێهێ چووە، یان بەشداری لە خەباتی پارچەیەکی دیدا کردووەو خەمی یەکتریان هەڵگرتووە. هەوڵی یەکخستنی تواناو وزەکان دراوە. لە هەندێ باردا رێکخراوی سیاسی یان خوێندکاریی پان ناسیۆناڵیزم، مینا خۆیبوون و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، دروستکراون. سەرەڕای سنووری دەستکرد جۆرێ لە تێکەڵاویی بەتایبەتی لەدوای نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە لە هەموو بوارەکاندا هەبووەو ئەم تێکەڵاوییە لە کوردستانی عێرقدا بەجوانی و لەسەر ئەرزی واقیع رەنگی داوەتەوە. هەستی خۆ بە کوردزانین و هاوچارەنووسی بەهێز و گوڕتر بووە. هەندێ سیمبوڵی نەتەوەیی وەك: نەورۆز، ئەی رەقیب، هەڵەبجە و... دەورێکیان لە نیشاندانی ئەو هاوچارەنووسییە نیشانی دنیا داوەو هۆکاری مۆباڵیزەو رابوونەوەو جۆشدانەوەی هەستی نەتەوەیین «ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز بەتایبەتی لە کوردستانی باکوور بێننەوە پێشچاوی خۆتان»، ئەوە سەرباری رۆڵی دەستاوێژەکانی کۆمیونیکەیشن، بەتایبەتی تی ڤی و ئینتەرنێت و.. لەو خۆناسینە نەتەوەییەدا. «ئاخر ئێستە کورد خاوەنی زێتر لە ٣٠ کەناڵی فەزاییە».

بە کورتی و پوختی، کورد وەکو بوونێکی ئیتنی جیا لەوانی دی لەمێژە هەیە، بەڵام وەکو بوونێك کە خۆی ناسیبێ و لە باری سیاسییەوە لەخۆی گەیشتبێ و کاری بۆ ماف و ئامانجە سیاسییەکانی خۆی کردبێ وەك یەك نەتەوە و

گەلێکی بەمانای سیاسی لێکەوتبێتەوە، جێگەی باسە! سـەیرکەن تەنانەت هیچ دەوڵەتێکی سەردەستی ناوچەکە کە کوردیان تێدا دەژی، حاشا لە بوونی ئیتنیکیی کورد ناکەن، بەڵام کە قسە دێتە سەر باسی مافەکان، بەتایبەتی مافە سیاسییەکان، گرژ دەبن!

مخابن لەنـاو کوردانی هەر پارچەیەکی کوردسـتاندا، ناتەبایی تونـدو پێکهەڵپژانیش هەبـووە، بەڵکە لەنێوان بزووتنەوە سیاسییەکانی ئەو یان ئەم پارچەیەشدا گرژی و بەگژ یەکداچوونەوەو شەڕوشـۆڕیش هەبووە. شوکر ئەم ١٥ سـاڵەی دوایی شـتێکی لەمبابەتە لەئارادا نەماوە، بەڵام جۆرێ تارمایی و دڕدۆنگی ماوەتەوە!

یەکێتی نەتەوەیی وەك دروشـم لەناو بەرنامەو پرۆگرامی زۆرینەی حزبەکاندا هەیە! بەڵام بەکردەوە لە ئاسـتێکی خوارێ دابووە...ئێسـتا گرنگ نییـە، کێ یەکەمجار باسـی یەکێتیی نەتەوەیی کردووە و کەی باسـیکردووە، کێ کردوویە بە دروشمی رۆژ...چونکە کۆڕ و کۆنفرانس و گردبوونـەوەی هەمەجۆری زێتری تایبەت بە «ژنان، لاوان» و کەمتر سیاسی لە سـاڵانی رابردوودا هەبووە، لە برۆکسـل، لە پاریس، لە دیار بەکـر، لە ئەنقەرە، لە هەولێر و....بـەڵام گردبوونـەوە نەتەوەییەکەی رۆژی ٧/٢٢ کـە (٣٩) حـزب و لایەنی سیاسـی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، بە هەموو حزبە سەرەکییەکانی مەیدانی کوردایەتیشەوە، لە هاوینەهەواری پیرمام لە پارێزگای هەولێر و بەسەرپەرشـتی سـەرۆك بارزانی مەغزایەکی سیاسـیی گرنگی دیکەی هەیەو حیسـابی زێتری لەسـەر دەکرێ، بەتایبەتی کە بەناوی خۆی و مام جەلال و ئۆجالانەوە کۆبوونەوەکەی کردۆتەوە و داوەتنامەی ئاراسـتەی لایەنەکان کردووە...بەقسەی نوێنەری لایەنێکی سیاسی کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووە «بیـروڕای جیاواز» هەبووە. دیارە بیروڕای جیاواز شتێکی زۆر ئاساییە لەناو ئەو حەمکە حزبەدا هەبێ، نا ئاسـاییی ئەوەیە کە جیاوازیی بیروبۆچوون لەئارادا نەبێ! ئاخر گرنگیی ئەو کۆبوونەوەیە پێش هەموو شتێ لەوەدایە کە نوێنەری لایەنە سـەرەکییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان: PKK و بەدەپە BDP لە کوردستانی بەشی تورکیاو، PYD و ئەلپارتی لە کوردستانی بەشی سوریا، هەردوو حزبی دیموکرات و پژاك لە بەشـی کوردستانی ئێران، پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵ لە کوردستانی بەشـی عێراق....بە ئینتیماو ئایدیۆلۆجیای جیا جیاوە لەسـەر یەك مێز کۆببنەوە و لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی ئامادەکاری ٢١ کەسی «٦ نوێنەر بۆ باکوور، ٥ نوێنەر بۆ رۆژهەڵات، ٤ نوێنەر بۆ رۆژئاوا، ٥ نوێنەر بۆ باشـوور» رێکبکەون کە ئامادەسازیی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی لە مانگی تەباخی ئەمساڵدا بکات...هەڵبەت هەلومەرجـی ناوخۆیی و هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتیش هـاوکار بووە. تا ئێسـتا هەڵوێسـتێکی دژ لەم یان ئەو دەوڵەتی ناوچەکە لەمبارەوە دەرنەبڕاوە.

بێشك، ئەم هەنگاوە یان ئەو چەترە نەتەوەییە، کاریگەریی پۆزەتیڤیشـی دەبێ لەسـەر لێکنزیکبوونـەوەی لایەنە سیاسـییەکانی هەر پارچەیەکیشـدا بەتەنیا و دەشێ لە پەراوێزی کۆنگرەی چاوەڕوانکراودا، لا بە لا کۆببنەوە و گرفتەکانیان خاو بکەنەوە بە مەبەسـتی چارەسەرکردن و گەیشتن بە بەرنامەی لانی کەم لەم قۆناخەدا.

ئەوەی کە گرنگـە بگوترێ و پێویسـتە لە کۆنگرەی چاوەڕوانکراودا رەچاوبکرێ:

یەکەم، هەموو لایەك، بەبێ هەڵاواردن و بەبێ رەچاوکردنی قەبارەو قورساییان، بانگ بکرێن.

دووەم، جەخت لەسـەر مافی چارەی خۆنووسین بکرێتەوە وەك مافێکی سروشتیی کوردان. ئەم مافە لەیەك شێوەدا کورت ناکرێتەوەو پێویسـتە رێگەی گەیشـتن بەو مافە بەشـێوەیەکی وتووێژ و دیالۆگ و دانوستاندن و خەباتی مەدەنیی ئاشتیخوازانەو بێ دەنگ کردنی چەکەکان بێ.

سێیەم، جەخت لە سەر برایەتی و پێکەوەژیانی بەئاشتیانە و مافەکانی سـەرجەم ئەو گەل و ئاییـن و ئولانەی لە کوردستاندا هەن، بکرێتەوە.

چوارەم، کورد وەك نەتەوە کە بەشداریی لە بنیاتنانی مێژوو و شارسـتانێتیی ناوچەکەدا کردووە، بـژاردەی بەیەکەوە هەڵکردنی ئاشتی و مەدەنییانە بخاتەوە بەردەست گەلانی عەرەب و تورك و فارسـەوە و سـەرۆك بارزانی گوتەنی لەو کۆنگرەیەدا «کورد پەیامی ئاشتیخوازانەی خۆی بە گەلانی ناوچەکە بگەیەنێ».

پێنجەم، جەخت لەسـەر ئـەوە بکرێتەوە کـە کۆنگرەی نەتەوەیـی دژی هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە نییە و ناچێتە ناو هیچ میحوەر و بەرەیەکی هەرێمایەتییەوە کە دژایەتی بەرەیەکی تر بکات شیعی بێ یان سوننی، بەڵکە دەیەوێ هۆکاری گرنـگ بێ بۆ بەڵانس راگرتن لە هەرێمەکەدا و بایی ئەوە سـەروەت و سـامان لە کوردستاندا هەیە کە خزمەت بـە تەناهی و خۆشـگوزەرانی ناوچەکە بکات، ئەگەر کێشـەکەی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بەشـێوەیەکی دیموکراتی بێتە چارەسەرکردن.

شەشەم، ئەو کۆنگرە نەتەوەییە دوا کۆنگرەی کوردان نەبێ بۆ یەکخسـتنی گوتار و ستراتیجیای هاوبەش و دانانی میکانیزمگەلێك بۆ هامشۆ و تەنسیقی خێرا، بەتایبەتی کـە ناوچەکە گۆڕانکاری کتوپـڕ و پڕ دراماتیکی تێدا روودەدا، ئامانج و دەرەنجامەکان بۆ گەلەکەمان و گەلانی دراوسێ و رای گشـتیی دنیا، بەتایبەتی وڵاتانی بڕیار بەدەست روون بکاتەوە.

بەهەرحاڵ، هیچ بەربەستێکی جددی لەبەردەم سەرکەوتنی کۆنگـرەی نەتەوەیی کـورددا نییەو با ئـەم هەنگاوەش هەڵبنرێتەوەو با بزانین بەرەو کوێ دەگات!

**کورد وەکو بوونێکی ئیتنی جیا لەوانی دی لەمێژە هەیە، بەڵام وەکو بوونێک کە خۆی ناسیبێ و لە باری سیاسییەوە لەخۆی گەیشتبێ و کاری بۆ ماف و ئامانجە سیاسییەکانی خۆی کردبێ وەک یەک نەتەوە و گەلێکی بەمانای سیاسی لێکەوتبێتەوە**

**کۆنگرەی نەتەوەیی دژی هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە نییە و ناچێتە ناو هیچ میحوەر و بەرەیەکی هەرێمایەتییەوە کە دژایەتی بەرەیەکی تر بکات شیعی بێ یان سوننی، بەڵکە دەیەوێ هۆکاری گرنگ بێ بۆ بەڵانس راگرتن لە هەرێمەکەدا**



**پرۆفیسۆر گۆنەل تول بەڕێوەبەری سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەراستە بۆ دیراساتی کاروباری تورکیا و ئوستادی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن و تایبتمەندە لەسەر سیاسەتی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی تورکیا لەهەمبەر کێشە و گۆڕانکارییەکانی ناوچە و کاریگەرە سلبیەکانی ئەم بارودۆخە لەسەر تورکیا، بەتایبەتی کێشەی سوریا کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیاسەتی تورکیا هەیە، گوڵان ئەم وتوویژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر گۆنەل تول ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر و زیاتر ئاڵۆز دەبێت، تورکیاش وەك وڵاتێکی گرنگ کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانکاریەکان و بە پێچەوانەشەوە، ئایا تورکیا چۆن لەو گۆڕانکاریانە دەڕوانێت؟**

- پێش دەستپێکردنی ڕاپەڕینی عەرەبی، تورکیا هێزێك بوو لە ئارادابوو، کاری لەگەڵ ڕژێمەکاندا کردووەو لە ڕاستیدا لە هەردوو بواری ئابوری و دیپلۆماسیدا وەبەرهێنانی کرد، تورکیا بزنسی لەگەڵ سوریادا هەبوو، چەندەها کۆمپانیای تورکی لە باکووری عێراق هەبوون، هەروەها کاری لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقیای باکووردا دەکرد. کەواتە تورکیا وەبەرهێنانی کرد پێش دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە. لە سایەی سیاسەتی سفرکێشەدا ڤیزەی هەڵگرت لەسەر هاووڵاتیانی سوریا و ڕێککەوتنامەی دووقۆڵی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیمزاکرد و کاتێکیش ڕاپەڕینەکە لە تونس و میسر و وڵاتانی باکووری ئەفریقیا دەستی پێکرد، ئەوجا لەبەر ئەوەی تورکیا پێشتر وەبەرهێنانێکی زۆری کردبوو لەو وڵاتانە، بۆیە تورکیاش لە بارێکی خراپدا بوو- بۆ نموونە لە تونسدا، کاتێکیش ڕاپەڕینەکە لە میسر دەستی پێکرد تا ڕاددەیەك دوودڵ بو لەوەی کاردانەوەی هەبێت، لەبەر ئەوەی زۆر لە ڕژێمەکەی نزیك بوو. بەڵام لە

## گۆنەل تول

### لەزانکۆی جۆرج واشنتۆن بۆ گوڵان:

# هەتا کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت تورکیا ناتوانێت وەک پێویست ڕۆڵی خۆی بگێڕێت

لیبیا کاردانەوەی خێرابوو و داوای لە قەزافی کرد دەست لە دەسەڵات هەڵگرێت و پشتیوانی ئەو ئۆپەراسیۆنەی کرد کە لەو وڵاتەدا کرا و پشتیوانی حکومەتی نوێی تونسی کرد. بەڵام کاتێك ڕاپەڕینەکە لە سوریا دەستی پێکرد، بووە تەحەددیەکی گەورەتر بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، لەبەر ئەوەی سوریا پێگەیەکی دەگمەنی هەبوو لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، بەتایبەتی لەسایەی ئەم حکومەتەدا، سوریا هەر تەنها گرنگ نییە بۆ وەبەرهێنانی تورکیا و سیاسەتی ئابوری، بەڵکو سنوورێکی دوورودرێژی هەیە و نزیکەی ٩٠٠ کیلۆمەترە و بەهۆی پەیوەندی نێوان کوردی سوریا و کوردی تورکیا...ئەوا هەرچیەك ڕوودات لە سوریا کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر تورکیا. هەر لەبەر ئەمەش سەرۆك وەزیران ئەردۆگان وتی سوریا کێشەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا نییە، بەڵکو پرسێکی ناوخۆییە، ئایا مەبەستی چی بوو؟ مەبەستی ئەوەبوو هەرچیەك ڕوودات لە سوریادا، بە تایبەتی کوردەکانی سوریا، ئەوا کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی تورکیا. لەبەر ئەوەی تورکیا و سوریا پێکەوە دژی پەکەکە وەستانەوە و لەبەر ئەو تەحەددیانەی سوریا بۆ تورکیای دروست کردوو ئێستا لە هۆکاری ئەوە تێدەگەن بۆچی تورکیا باس لە پرۆسەی ئاشتی دەکات لەگەڵ پەکەکە. کەواتە سوریا لە زۆر ڕووەوە بۆتە تەحەددی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، بەهۆی پەکەکە و بەهۆی کوردی وڵاتەکەی، چونکە بەشار ئەسەد بە چەشنی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو پەکەکە دژی تورکیا بەکاردەهێنێت، هەروەها لەبەر ئەوەی وەبەرهێنەرانی تورکیا کاری وەبەرهێنانیان لە سوریادا لەدەستداوە، لە هەمان کاتدا بەهۆی قەیرانی سوریاوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێران و سەرۆك وەزیرانی عێراق- مالیکی- گرژی تێکەوتووە. سوریا بۆتە تەحەددیەکی گەورەتر و وێنەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شێواندوە. چونکە ڕای گشتی دەڵێت تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی لە ناوچەکەدا هەبوو، بەڵام لە ئاستی سوریادا هەڵوێستێکی کاریگەری نەبوو. کەواتە وێنەی تورکیا بەهۆی قەیرانی سوریا گورزی گەورەی بەرکەوتووە و دەووترێت تورکیا وڵاتێکی گەورەیە و سوپایەکی بەهێزی هەیە و لێی ڕادەبینرێت دەستێوەردان بکات، بەڵام ناتوانێت دەستێوەردان بکات، لەم ڕەهەندەوە سوریا گەورەترین تەحەددی بەردەم سیاسەتی ناوخۆیی و ئیقلمیی تورکیایە.

*** تورکیا لەسەر ئاستی ئیقلیمی سیاسەتی سفر کێشەی پیادەکرد، وای کرد تورکیا گەشە بکات، ئێستاش کرانەوەی لەناوخۆ دەستپێکردووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئایا**

**هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا یەکێکە لە شەریکە ستراتیجیە کەمەکان کە لە دوای ڕاپەڕینی عەرەبییەوە ماونەتەوە. پێویستە هەردوو قەوارەکە پێکەوە کاربکەن، نەک تەنها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، بەڵکو بۆ برەودان بە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانیان لە ناوچەکەدا**

**تورکیا بەهۆی قەیرانی سوریا گورزی گەورەی بەرکەوتووە و وڵاتێکی گەورەیە و سوپایەکی بەهێزی هەیە، بەڵام ناتوانێت دەستێوەردان بکات، لەم ڕەهەندەوە سوریا گەورەترین تەحەددی بەردەم سیاسەتی ناوخۆیی و ئیقلمیی تورکیایە**

**پێتوانییە چارەســەری ئەم کێشــەیە پێگەی تورکیا بەهێزتر دەکاتەوە؟**

- تاوەکو کێشەی کورد و تورك وەك خاڵێکی لاواز بمێنێتەوە، ئەوا ئەمــە تورکیا لاواز دەکات، چونکــە دوای داڤۆس و دوای گرژبوونــی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیســرائیلدا، ئەو موناقەشــەیە لە ناوچەکەدا دەکرێت لەبــارەی تورکیاوە کە تورکیا وڵاتێکی گەورە و بەهێزە و پشتیوانی لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن دەکات، بەڵام تورکیا ناتوانێت کێشەی کوردی وڵاتەکەی چارەســەر بکات. کەواتە پێویستە بە پەلە تورکیا کێشەی کورد چارەسەر بکات. ئەمە بارودۆخێکی هەستیارە، ئەگەرچی حکومەت ئەو هەنگاوە پێویستانەی هەڵنەگرتووە کە بەڵێنی دابوو، هێشــتا دەستووری نوێ نەهاتۆتە ئاراوە و هێشتا چەندین کێشەی دەستووری هەڵپەسێردراو ماونەتەوە. ڕاستە پرۆسەکە خراوەتەسەر سکە، بەڵام بارودۆخی ناوچەکە پرۆســەکە زۆر ئاڵــۆز دەکات، لایەنــی ناوخۆیی هەن کە نایانەوێت کێشــەی کورد چارەســەر بکرێت..... و ئەگەر پەکەکە لە باشووری تورکیا بکشێتەوە، ئەوا دەچێتە سوریا و عێراقــەوە و ئەمەش مانای وایە ئەگەر تورکیا نەتوانێت ئەو هەنگاوانە هەڵبگرێت کە بزووتنەوە سیاسیە کوردیەکان داوای دەکەن ئەوا پەکەکە ئامادەیە و دەســتدەکاتەوە بە کارەکانی. من هەوڵدەدەم ئومێدەواربم، بــەڵام حاڵی حازر کۆمەڵگەی تورکی جەمســەرگیری تێکەوتــووە، بــە تایبەتی دوای بزووتنەوە نارەزاییەکان، چونکە ئێستا بەشێك لەکۆمەڵگەی تورکیا بەرهەڵســتی هەر کارێك دەکەن کە ســەرۆك وەزیران ئەنجامی بدات و بەرهەڵســتی هەر کارێك دەکات کە AK پارتی بیکات، و پێیان وایە ئەو دەستپێشخەریەی پەیوەستە بە پەکەکە و بە ئاشــتیە، دەستپێشخەریەکە لە پێناو زیاترکردنی دەســەڵاتی AK پارتیدایە لە ناوخۆدا، و ئیتر بەرهەڵستی دەکەن. کەواتە بە ڕاستی پێویســتمان بە پشتیوانی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی تورکیە و پێویســتە هەموو ئەکتەرە سیاسیەکانمان لەگەڵ بن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

*** هەرێمی کوردســتان تاکە ناوچەیەکە کێشــەی لەگەڵ تورکیا نییە و هاوکارە لە چارەســەرکردنی کێشــەی کورد لە تورکیا، ئایا تورکیا هەرێمی کوردســتان بە شەریکێکی ستراتیجی دەزانێت؟**

- ئەوەی پەیوەســت بێت بە هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا جێی سەرسوڕمانە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ش، بەڵام ئێستا لە سیاقی سیاسی گۆڕاودا، هەرێمی کوردستان بۆتە گرنگترین شــەریکی ســتراتیجی تورکیا، بە تایبەتی بە ڕەچاوکردنی ئەوەی تورکیــا پەیوەندیەکی گرژی هەیە لەگەڵ مالیکیدا، کەواتــە بارودۆخێکی پڕ لە بەرژەوەندیە، لەبەر ئەوە هەرێمی کوردســتان پێویســتی بە تورکیایە وەك دەروازەیەك و ڕێڕەوێك بۆ بازاڕی ئەورووپا، چونکە هەرێمی کوردســتان خاکێکی داخراوی هەیــە و دەکرێت لەو ڕووەوە تورکیا ببێتە شــەریك بۆ هەرێمی کوردستان و ئەم هەرێمە پێویســتی بە وەبەرهێنانی ســتراتیجی هەیــە و تورکیاش پێویستی بە پشتیوانی هەرێمی کوردستانە بۆ —سەرخستنی-



ئــەو کرانەوەیەی بە ڕووی پەکەکەدا هاتۆتە ئاراوە. هەروەها بەهۆی کێشــەی نێــوان مالیکی و ئەردۆغانــەوە، تورکیا نایەوێت لە عێراقدا پەراوێز بخرێت. عێراق وڵاتێکی گرنگە بۆ تورکیا، بەڵام ئەگەر ئــەم بارگرژیانە بەردەوامبن، ئەوا ڕووبەڕووی مەترسی پەراوێزکەوتن دەبێتەوە لە عێراقدا، لەبەر ئــەوە تورکیا دەتوانێت لەڕێی هەرێمی کوردســتانەوە بگاتە سیاسەتی عێراق. کەواتە بەڵێ هەرێمی کوردستان گرنگترین شەریکی ستراتیجی تورکیایە و یەکێکە لە شەریکە ستراتیجیە کەمەکان کە لە دوای ڕاپەڕینی عەرەبیەوە ماونەتەوە. کەواتە لە ئێســتا پێویســتە هەردوو قەوارەکە پێکەوە کاربکەن، نەك تەنها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، بەڵکو بۆ برەودان بە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانیان لە ناوچەکەدا.

*** شــارەزایان کێشــەی بنەڕەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کێشەی تائیفی نێوان شیعە و سوننەکان دەزانن، هەروەها لە تورکیاشدا عەلەویەکان هەن کە بە شیعە دادەنرێن، ئەگەر ئەم کێشەیە گەورە بێت ئایا تا چەند تورکیا دەگرێتەوە؟**

- هەمیشــە گرژی لەناوچەکانی ســەر ســنوور هەیە، بۆ نموونە لە هەتایی، هەمیشــە گرژیەکی ڕوو لە زیاد هەیە لە نێــوان عەلەویەکانــی تورکیا و باقــی وڵاتەکە، لەبەر ئەوەی عەلەویەکانی تورکیا سیاســەتی دەرەوەی تورکیا، بە تایبەتی لە ئاســتی سوریادا، بەسیاسەتێکی تائیفی دەزانن،

**هەرێمی کوردستان بۆتە گرنگترین شەریکی ستراتیجی تورکیا، بە تایبەتی بە ڕەچاوکردنی ئەوەی تورکیا پەیوەندیەکی گرژی هەیە لەگەڵ مالیکیدا، هەروەها هەرێمی کوردستان پێویستی بە تورکیایە وەک دەروازەیەک و ڕێڕەوێک بۆ بازاڕی ئەوروپا**



کەواتە ئەگەر باسی کاریگەری قەیرانی سوریا لەسەر تورکیا بکەین، بەڵێ ئێستا جەمسەرگیری دروستکردوە و هاوسەنگی هەستیاری نێوان سوننە و عەلەویەکانی تورکیای تێکشکاندووە. و بەشار ئەسەد و قەیرانی سوریا گرەو لەسەر ئەوە دەکەن. ئەمە مایەی مەترسیە بۆ تورکیا، چونکە ئێستا وڵاتەکە ئەوەندە جەمسەرگیر بووە کە پێویست بە هیچ شتێکی دیکە ناکات و ئێمە پێویستمان بەوە نییە گرژیمان هەبێت لەگەڵ عەولەیەکاندا، بەڵام بە دڵنیاییەوە چارەسەری هەموو کێشەکانەش لە ئارادانییە، لەبەر ئەوەی ئەمە ناوچەیەکە سەختە و ناکۆکی ڕاستەقینە هەیە و ڕەنگە ناکۆکی زیاتر دروست بێت و ناسەقامگیری زیاتر بێتەئاراوە و حاڵی حازر تورکیا کۆنترۆڵێکی زۆری نییە لەسەر ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن، هەروەها هێزە ئەوروپیەکانیش و لە ڕاستیدا کەس بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆنترۆڵنەکردووە، کەواتە ناکرێت دەستەوئەژنۆ دابنیشین و دوعا بکەین کە ناسەقامگیریەکە پەلنەکێشێت بۆ وڵاتەکە. باشترین چارەسەر بۆ ئەم دۆخە بە دیموکراتیکردنە کە تێیدا کوردەکان و عەلەوی و کەمینەکانی دیکە هەست بکەن بەشێکن لە سیستمەکە و بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەو کاتە تورکیا ناچار نابێت نیگەران بێت لە بارەی ئەوە ناکۆکیەی کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، ئیتر ناکۆکی تائیفی بێت یان نا.

کەواتە بۆ ئەوەی تورکیا بە ڕاددەیەکی گەورە نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، پێویستە ببێتە خاوەنی دیموکراسیەکی بەهێز و جێگیر. چونکە ئەگەر تورکیا کێشەی لەگەڵ کەمینەی کوردی وڵاتەکەیدا نەبێت، ڕەنگە بتوانێت باشتر ئیدارەی قەیرانی سوریا بکات... بەڵام لەبەر ئەوەی تورکیا زۆر بە ترسەوە لە پەیەدەی ڕووانی، ئەوا سیاسەتێکی باشتری لە سوریادا نەگرتەبەر... پەیەدە لایەنێکی گرنگە لە سوریادا و پێویستە تورکیا گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. داواکاریەکی تورکیا زۆر شەرعی دەرنەکەوت کاتێك لە تونس و لە کۆبوونەوەی دۆستانی سوریا داوای لە هاوپەیمانیەکە کرد ماف بە کەمینەی کوردەکان بدات لە سوریا، ئەمە شەرعی دەرنەکەوت لەبەر ئەوەی هێشتا لە بگرە و بەردەدایت لەگەڵ داواکاریە دیموکراتیەکانی کەمینەی کوردی وڵاتەکەت، بەڵام لە هەمان کاتدا داوا لە سوریا دەکەیت مامەڵەیەکی باشتریان لەگەڵدا بکەیت، کەواتە ئەم دەستپێشخەریە دەستپێشخەریەکی تەواو گرنگە، بەڵام هەوراز و نشێوی زۆر دێتەپێش و ڕێگایەکی ئاسان نییە و پێویستمان بە هاوکاری هەموو ئەکتەرە سیاسیەکان هەیە و پێویستمان بە هاوکاری ئەکتەرە ئیقلمیەکان هەیە و پێویستە حکومەت هەنگاوی پێویست بنێت بۆ هێنانەدی داواکاریە سەرەکیەکانی کوردەکانی وڵاتەکەی.

**بۆ ئەوەی تورکیا بە ڕاددەیەکی گەورە نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، پێویستە ببێتە خاوەنی دیموکراسیەکی بەهێز و جێگیر. چونکە ئەگەر تورکیا کێشەی لەگەڵ کەمینەی کوردی وڵاتەکەیدا نەبێت، ڕەنگە بتوانێت باشتر ئیدارەی قەیرانی سوریا بکات**



## دوای چەند ڕۆژێک لە پێکدادانی سەر شەقام

# ملیۆنەها میسری سوپا سەرپشک دەکەن بەرەو ڕووی تیرۆر ببێتەوە

ئەسما حوسێنی/ قاهیرە/ تایبەت بە گوڵان

ڕۆژی هەینی ڕابردوو فەریق عەبدولفەتاح سیسی داوای لە جەماوەری گەلی میسر کرد لە مەیدان و گۆڕەپانەکاندا خۆپیشاندان و کۆبوونەوە سازبکەن تاکو سوپا سەرپشک بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی (توندو تیژی و تیرۆر)دوای ئەوەی ئاستی کردەوە توندوتیژی و بەرەوڕووبوونەوەکان لە نێوان لایەنگر و نەیارانی مورسی سەرۆکی لابراو لە چەند شارێکی میسر گەیشتە ئەوپەڕی ڕاددەی مەترسی، هەروەها هێزەکانی ئەمنی میسری لە نیمچە دوورگەی سینا لەلایەن ئیسلامییە توندڕۆکان لەوەتەی لابردنی مورسی لە پۆلیۆی ڕابردوو تووشی لێدان و تەنگ پێهەڵچنین بوونەتەوە، لە پەرەسەندنێکی دیکەدا هەستی تووڕەبوون و نارەزایی لەناو لایەنگرانی سەرۆکی لادراو زیاتر بەرزبووەوە دوای دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوە بە زیندانی کردنی مورسی بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ بەمەبەستی لێکۆڵینەوە، ئەمەش دوای تۆمەتبارکردنی لەگەڵ کەسانی دیکە کە پەیوەندییان لەگەڵ بزووتنەوەی حەماس هەبوو بەمەبەستی هێرش کردنە سەر دامودەزگاکانی پۆلیس و کوشتنی چەندین ئەفسەر و سەرباز و زیندانی، هەروەها پەلاماردانی بەندیخانەکانی میسر و تێکدانی بیناکان و دەزگاکان و بە ئەنقەست ئاگر تێبەردانی بەندیخانەی وادی بەترون یارمەتیدانی زیندانییەکان بەمەبەستی هەڵاتن، وێڕای دڕاندن و سووتاندنی دەیان دیکیۆمێنت و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بەندیخانەکان دواتر ڕفاندنی ئەفسەر و سەربازەکان.

بۆیە ملیۆنەها هاووڵاتی میسر بەپیر بانگەوازەکەی سیسییەوە هاتن و ڕژانە مەیدان و شەقامەکان و وێنەی ئەو و ئاڵای میسر و لافیتەی دژ بە تیرۆر و توندوتیژیان بەرزکردبۆوە دوای چەندین ڕۆژ لە شەڕی سەرشەقام کە قاهیرە و پارێزگاکانی دیکەی میسر بە خۆیانەوە دی، ئەندامانی ئیخوان ڕێپێوان و خۆپیشاندانیان سازکردو ڕێگە سەرەکی و پردەکانیان دابڕی و لە بەرامبەریشدا نەیارانی ئیخوانیش بەرەنگاریان بوونەوەو دەرئەنجام دەیان کوژراو و برینداری لێکەوتەوە، ئەو ئیخوانانە نارەزایی و تووڕەبوونەکەیان زیاتر تەشەنەی کرد و داوای گەڕانەوەی سەرۆکی لادراویان دەکرد، ئەوان بە توندی ئیدانەی بانگەوازەکەی سیسیان کرد کە داوای کۆبوونەوەی

بەرامبەری کردبوو بەوەش لێکیان دەدایەوە کە ڕەنگە سەرەتایەك بێت بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، لەلای خۆشیەوە نادر بەکار یاریدەدەری سەرۆکی حزبی نوری سەلەفی گوتی: حزبەکەیان بەشداری هیچ چالاکییەکی ڕۆژی هەینی رابردووی نەکردووە، بۆیە ئێمە هیواخوازبووین کە هەوڵەکان بە ئاراستەی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بوایە، هەروەها حزبی نور دژی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی توندوتیژییە کە ئێستا شەقامەکانی میسری گرتۆتەوە، داواشدەکەین زیاتر بەرەو ئاشتبوونەوە هەنگاوبنێین، هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە نەهێشتنی تاوان و بنبڕکردنی تێکدەر و ئاژاوەگێڕان پێویستە لەڕێی یاساوە بێت نەك بێیت جەماوەر بۆ خۆپیشاندان هان بدەیت، ئەوە ڕۆڵی هێزی چەکدار و پۆلیسە ئەم کارە لە ئەستۆبگرێت.

لەلایەکی دیکەوە محەمەد سەلماوی سەرۆکی یەکێتیی نووسەران لە میسر پێیوایە کە ئەم بانگەوازەی عەبدولفەتاح سیسی بۆ جەماوەر تاکو دابەزنە شەقام و مەیدانەکان پووچەڵکردنەوەی پیلانێکی مەترسیدار بوو کە ئیخوانەکان دەیانەویست لەو ڕۆژەدا، کە ناویان نابوو ڕۆژی (فرقان)، جێبەجێی بکەن، چونکە سەفوەت حجازی سەرکردەی ئیخوانەکان مزگێنی بە لایەنگرانی مورسی دابوو کە ڕۆژی یەك شەممە بەپێی پلانێکی تۆکمە و گەورە دەگەڕێتەوە سەر حوکم، ئەو پیلانەش بریتی بوو لە پەلاماردانێکی سیستماتیك بۆ سەر دامودەزگا گرنگ و هەستیارەکانی وڵات و لە هەمان کاتیشدا گەمارۆدانیان بە تەواوی تاکو دواتر چەقی کۆبوونەوەکە لە مەیدانی رابعە عەدەویە بگوازنەوە بۆ مەیدانی ڕەمسیس، بەو ناوەی کە شوێنەکەی گەورەترە توانای لەخۆگرتنی ئاپۆڕایەکی زۆری خۆپیشاندەرانی هەیە کە لە جیاتی پاس بە شەمەندەفەر لە پارێزگاکانەوە دەگەنە ئەو شوێنە، دیارە ئەم پیلانە خەیاڵییە زۆر زەحمەت بوو جێبەجێبکرایە ئەگەر بڕێکی زۆری چەك و بۆمب و نارنجۆك و ماددەی تەقینەوە نەبێت، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوە بوو کە لە چەند ڕۆژی رابردوودا توانرا ژمارەیەکی زۆری لوغم و نارنجۆك بدۆزرێتەوە کە لەوانەبوو کوشتار و شەڕێکی خوێناوی گەورەی لێبکەوتایەوە، بەڵام نووسەری ڕۆژنامەنووس محەمەدەمین پێیوایە کە میسرییەکان چاوەڕوانی سەعاتی سیفر دەکەن، هەروەها چاوەڕوانی گورزێکی کوشندەی تیرۆر دەکەن، هاوکات سیسی پێویستی بە ڕێگەپێدان نەبوو، بەڵام پەنای بردە بەر کۆمەڵەی گشتیی گەل، بۆیە ئێمە ئێستا چاوەڕوانی ئاسەواری ئەو ڕێگەپێدانەین چونکە هەرگیز ئارام ناگرین لەسەر کوشتنی ئەفسەر و سەربازان یان فڕێدانی تەرمەکان لە نێو زبڵدانەکاندا، ئەوەی لە کاری تیرۆریستی ڕوودەدات نابێت لێی بێ دەنگ بین، لەلای خۆیەوە نووسەری ڕۆژنامەنووس محەمەد بەرغوسی وای دەبینێت کە بڕیارەکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان دەری کردبوو پوختەکەی بریتی بوو لە((یان حوکمی میسر دەکەین یان کاولی دەکەین کە بە شێوەیەك هەر فەرمانڕەوایەکی دیکە بێت هیچ ئاسەوارێکی دەوڵەت بەچاوی خۆی نابینێت و گەلیش هەرگیز هەست بە ئارامی و سەقامگیری ناکەن)) دیارە ئێستا ملیۆنەهای خەڵکی میسر بیریان دێت کە دەیانگوت((بە ڕووخانی مورسی نابێ کەس لە میسر بژی )هەر ئەم گوتەیە بوو کە دواتر بوو بە هەڕەشەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ تێکدانی وڵات یان بکرێت بە سۆماڵێکی دیکە ئەگەر مورسی بەر لە کۆتایی خولی سەرۆکایەتییەکەی بڕووخێت، ئەو زیاتر دەڵێت: بە درێژایی یەك ساڵی حوکمی مورسی رق و کینەو تووڕەیی خەڵك زۆر بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی دەسەند، لەلای خۆشیانەوە ئیخوانەکان لە هەوڵی جێبەجێکردنی پیلانەکەیاندا بوون بەر لەوەی خەڵکەکە بەئاگابێتەوە، بەڵام دواتر هەڵمەتی (یاخی بوون)دەستی پێکرد و ئیمزای هاووڵاتیان کۆکرایەوە دژ بە مانەوەی مورسی، بۆیە بە ئاشکرا دیاربوو کە شەرعییەتی سیاسی و مۆڕاڵی ئەو حوکمە ئیخوانییە رق لەدڵە بە تەواوی بەرەو داخوران دەچوو، ئیخوان تەنیا بۆ مانەوەی سەرۆکەکەیان کاریان دەکرد پێیانوابوو لە ماوەی ساڵێکدا دەتوانن دەست بەسەر دادگادا دەگرن و دامودەزگاکانی وەکو ئەزهەر و سوپاش کۆنترۆڵ دەکەن، ئاماژەش بەوە دەکات کە دوای ڕووخانی سەرۆکی ئیخوانەکان یەکسەر ڕێکخستنی نێودەوڵەتی ئەوان، دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی هەڕەشەکەیان بەوەی کە میسر بکەنە وڵاتێکی وێران، بۆیە بڕیارەکەی سوپا لەوەدا هات کە ڕێگەیان لەلایەن گەلەوە پێ بدرێت تاکو بەرەنگاری ئەو پیلانە تاوانکارییە ببێتەوە، بۆیە ملیۆنەها میسری هاتنە سەرشەقام و داوایان لە سوپا کرد کە ئەم ئەرکە لە ئەستۆبگرێت، بەمەش قۆناغێکی جیاکەرەوە لە مێژووی میسر دەستی پێکرد، ئەو قۆناغەش زۆر ئاسان نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە رزگارکردنی جیهانی ئیسلامی لەو ڕێکخستنە تاوانبارە کۆتایی دێت کە هێزەکانی لە خزمەتی پرۆژەی ئەمریکا لە ناوچەکە دانابوو.

ئەوی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە میسر لە دووڕیانێکی ڕاستەقینەدایە، ترسی ئەوەش لە ئارادایە کە ئەزموونەکەی جەزائیر دووبارە بێتەوە، یان ئەگەری ئەوە بێتە ئاراوە کە ئەندامانی گرووپی ئیخوان و لایەنگرانی پەنا بۆ هەڵگرتنی چەك بەرن، دواتر کاری تێکدان و تیرۆریستی ئەنجام بدەن بە پاساوی ئەوەی کە ئەو پێشنیارانەی سەرکردایەتی گرووپەکە پێشکەشی حکومەتی تازەیان کردبوو کە بەشداری لەو بارودۆخە بکەن و لە دانیشتنەکانی گفتوگۆی نیشتمانی ئامادەبن، ئەویش بە مەبەستی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان کە وادیارە لەو هەلومەرجەی ئێستادا زۆر زەحمەتە بۆیان بچێتەسەر.

**ملیۆنەها هاووڵاتی میسر بەپیر بانگەوازەکەی سیسییەوە هاتن و ڕژانە مەیدان و شەقامەکان و وێنەی ئەو و ئاڵای میسر و لافیتەی دژ بە تیرۆر و توندوتیژیان بەرزکردبۆوە دوای چەندین ڕۆژ لە شەڕی سەرشەقام کە قاهیرەو پارێزگاکانی دیکەی میسر بە خوێنەوە دی**

**بە درێژایی یەک ساڵی حوکمی مورسی رق و کینەو تووڕەیی خەڵک زۆر بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی دەسەند، لەلای خۆشیانەوە ئیخوانەکان لە هەوڵی جێبەجێکردنی پیلانەکەیاندا بوون بەر لەوەی خەڵکەکە بەئاگابێتەوە**



## سەقەر ئەبو فەخر

### تۆژەر و شرۆڤەوانی فەڵەستینی بۆ (گوڵان):

# ئەو گەلەی راپەڕینی دژی رژێمی ئەسەد کرد ئێستا ئاوارەیە و پەڕاگەندەی وڵاتان بووە

**سەقەر ئەبوفەخر سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی دیراساتی فەڵەستینە و یەکێکە لەو نووسەر و تۆژەرانەی بایەخێکی تایبەتی بە کێشەی سوریا و گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی دەدات، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای سوریا و پێچەوانە بوونەوەی پارسەنگی هێز بۆ رژێمی بەشار ئەسەد، ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک پێویست هەنگاوی بۆ ئەم کێشەیە هەڵنەگرتووە، سەبارەت بەم لایەنە لە وتووێژێکی کورتدا، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی داینەوە.**

*** بەڕای ئێوە ڕەوشی ئێستای سوریا بەرەو کوێ دەچێت؟**

- هەموو ڕاپۆرت و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەو بەدواداچوونەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بارودۆخ لە قۆناغی داهاتوودا لە سوریا زیاتر بەرەو ئاڵۆزی و گرژی دەچێت، دیارە هۆی سەرەکیش ئەوەیە کە ڕژێمی سوریا هەندێ دەستکەوتی بەدیهێناوە بە تایبەتیش لە ڕووی سەربازییەوە لەوەتەی شەڕی قوسەیر ڕوویداوە، هەروەها هەوڵی زیاتر دەدات بۆ ئەوەی زیاتر بەدەست بێنێت لە ناوچەکانی دیکە بە تایبەتیش لە حەلەب و حومس و ڕیفی دیمەشق، هاوکات ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو بڕیارێکی دەرکرد بە پڕچەککردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، ئەوەش مانای وایە بڕێکی زۆری چەك دەڕژێتە ناو سووریاوە لە زۆر شوێنەوە بە تایبەتیش لە سنووری تورکیاوە، کەواتە توندوتیژی لە قۆناغی داهاتوودا زیاتر پەرەدەسێنێت و خوێنێکی زیاتر لە سوریا دەڕژێت بێجگە لە ئاوارەبوونی زیاتری هاووڵاتیانی سوریا بۆ شوێنەکانی دەرەوەی وڵات بە تایبەتیش بۆ لوبنان، لەلایەکی دیکەشەوە هیچ تروسکاییەکی ئومێد لەئارادانییە وەك هەوڵێك بۆ یەکلاکردنەوەی قەیرانی سووریا، بۆ نموونە کۆنگرەی جنێف ٢ کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا زۆر قسەی دەربارە کرا، خرایە حوزەیران و دواتر تەمموزو ئێستاش هەر باسی ناکرێت، کەواتە بە هیچ شێوەیەك دەریچەیەك بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخەی سووریا لە ئارادانییە، بۆیە من پێموایە ڕەوشەکە لە باتی ئەوەی چاك بێت بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر هەنگاو دەنێت..

*** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕووخاندنی بەشار ئەسەد زۆر ساردو سستە، پێتوایە ڕووخانی ئەو ڕژێمە ئەوەندە ئەستەم بێت؟**

- بە پێی دەرئەنجامەکانی ساڵی ڕابردوو من پێموایە دەرکەوتووە کە بەشار ئەسەد ناتوانێت بەیەکجاری ئۆپۆزسیۆن لەناوبەرێت و سەرکەوتنی تەواو لەم ڕووەوە بەدەست بێنێت، ئەو ئۆپۆزسیۆنەی سوریاش یەکگرتوو و خاوەن یەك بیروبۆچوون و ئامانج نییە، ئێستا لە سووریا زیاتر لە دووهەزار تاقم و گرووپی چەکدار هەیە هەریەکەیان بە ناوێك یان سەر بە لایەنێکن یان بە ناونیشانی ناسراو لەوانە سوپای ئازاد، لیوای تەوحید، بەرەی نوسرە، دەوڵەتی عیراقی...تاد، هەروەها ئەو ئۆپۆزسیۆنە توانای ڕووخاندنی ڕژێمی سووریای نییە، کەواتە هەر لایەك لەو گرووپانە پێی وایە کە دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ بەڵام لە واقیعدا پێچەوانەی ئەمەیە، من وەك ڕای خۆم لەو باوەڕەدام کە هەریەك لە ڕووسیاو ئیران چ وەك هێزی نێودەوڵەتی یان ئیقلیمی دەیانەوێت دەریچەیەك بۆ دەربازبوون لەو کێشەیە بگرنەبەر، چونکە هەردوولا بە ڕووخانی ڕژێمی سووریا زەرەرمەند دەبن، هەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئەورووپایە ئەوان پەلەی کۆتایی هاتنی ئەم قەیرانە گەورەیان نییە، بۆیە لای ئەمریکا ئەوە باشە کە کۆمەڵگەی سووریا کاتێ بەو شێوەیە پەراگەندەو لێك دەترازێ ئەمە لە قازانجی ئەمنیی ئیسرائیلدایە لە ناوچەکە، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەو هەوڵانەی ڕووسیا و ئیران لە بەرژەوەندیی گەلی سووریادا نییە، هەروەها ئەمریکاش بە تەواوی نەهاتۆتە سەر خەت و بە جیددی کار بۆ کۆتایی ئەم قەیرانە ناکات، لەبەر ئەوە ئەم ڕەوشە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوەو ئاڵۆزتریش دەبێت..

*** کەواتە بە ڕای تۆ تاچەند ئەم بارودۆخە کاریگەری لەسەر ڕەوشی عێراق هەیە؟**

- وا دیارە کە عیراق و سوریاو لوبنان یەك ژینگەی سیاسین، لە عیراق تەنیا لە مانگی ڕابردوو لە ئاکامی کردەوەی توندوتیژی پتر لە پێنج هەزار هاووڵاتی شەهیدو بریندار بوون، هەروەها لەم مانگەی ڕەمەزانیشدا چەندین تەقینەوەو کردەوەی خۆکوژی دەبینین، لە هەمووی گرنگتریش شکاندنی هەردوو بەندیخانەی ئەبوغرێب و تاجی بوو کە بە هەزاران زیندانیی تیرۆریستیان تێدابوو کە زۆربەیان سەر بە قاعیدەی تیرۆریست و گرووپەکانی سەر بە ئەو بوون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەرەسەندنی زیاتری توندوتیژی لە عیراق، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات لە عیراقیش بە هەمان شێوەیە، لە سوریا وا دیارە ململانێیەکە لە نێوان سوننەو شیعەیە، ئەگەر لە سوریا سوننە سەرکەوت ئەوا هاوسەنگی هێز لە عیراق ڕاست دەکاتەوە، واتا سوننە لە عێراق ڕەوشیان باشتر دەبێت لە هەیکەلبەندیی ئێستای دەوڵەتی عیراق، من لە گەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم بەڵام وادیارە ڕەوتگەلێکی سیاسی لە عیراقدا هەن بەم شێوەیە لە مەسەلەکە دەڕوانن، کە دەرئەنجام دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پێکدادان لە نێوان سوننەو شیعە لە عیراق، کەواتە ئەم ململانێیە مۆرکی شەڕی تایفی وەردەگرێت کە مەبەست ناکۆکی نێوان شیعەو سوننەیە چ لە عیراق یان لە سوریا، تەنانەت مەسیحییەکانیش وڵات بەجێدێڵن چ لە سوریا یان لە لوبنان هەتا لە فەلەستینیش کە ژمارەیەکی کەم ماونەتەوە، ئێستا ڕێژەیان زۆر کەم بۆتەوە، بۆیە من پێموایە چارەنووسی هەموو کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچانە لە عەرەب و کوردو ئەرمەن و تورکمان نەتەوەکانی دیکەش دووچاری

**شۆڕشی ڕەوای سووریا لەباربرا دوای ئەوەی شۆڕشی مەدەنی گۆڕا بۆ شۆڕشی چەکداری**

**سوریا ئێستا بۆتە ناوچەیەکی ناکۆکیی گەورەی نێودەوڵەتی، هەربۆیە ئەمریکاو ئەورووپا ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان بێنە ناو کێشەکە**

**لە سووریا زیاتر لە دووهەزار تاقم و گرووپی چەکدار هەیە هەریەکەیان بە ناوێک یان سەر بە لایەنێکن و یەکگرتوو نین**



**لە سوریا ململانێییەکە لە نێوان سوننەو شیعەدایە، ئەگەر لە سوریا سوننە سەرکەوت ئەوا سوننە لە عێراق ڕەوشیان باشتر دەبێت لە هەیکەلبەندیی ئێستای دەوڵەتی عیراق**

مەترسی بۆتەوەو هیچ دڵنیاییەك لەئارادا نییە کە دڵیان بە ئایندە خۆش بێت.

*** زۆر کەس پێی وایە بەبێ دەستتێوەردانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر ئەستەمە ڕژێمی ئەسەد بڕوخێت، خوێندنەوەتان بۆ ئەمە چییە؟**

- بە شرۆڤەکردنێکی سەرەتایی ڕاستە تا ئێستا ڕژێمی ئەسەد هەر بەهێزە چ لە ڕووی ئابووری یان سوپاوە، لە بواری سوپا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٣٠ مانگ بەسەر ئەم قەیرانەدا تا ئێستا سووپاکەی هەر بەیەکگرتوویی ماوەتەوە، ئەوانەی لە سوپاش جیابوونەتەوە تەنیا کەسانێکن نەك پێکهاتەیەکی گەورەی سەربازی، کەواتە ڕووخانی ئەو ڕژێمە بەو توانا سادەیەی هاووڵاتیانی سوریا چاوەڕواننەکراوە و سەر ناگرێت، دەستتێوەردانیش لە سوریا مەترسیدارە چونکە ڕەوشی سووریا بە بەراورد لەگەڵ لیبیا جودایە، واتا ململانێیەك نییە لە نێوان گەل و ڕژێم، سوریا ئێستا بۆتە ناوچەیەکی ناکۆکیی گەورەی نێودەوڵەتی، کەواتە ئەمریکاو ئەوروپا ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان بێنە ناو کێشەکەی سوریاوە چونکە ڕووسیاو ئێرانیش هاتوونەتە سەر خەتەکە، زۆر بە ڕەشبینییەوە دەڵێم سەرەتای شۆڕشی سووریا زۆر پیرۆز و پڕمانا بوو گەلی سووریا دژی ڕژێم بە بێ چەك ڕژایە سەر شەقام و داوای دیموکراسی و بنەماکانی ئازادی و پارووی نان و مافە ڕەواکانی خۆی دەکردو ڕۆژانە شەهیدەکانیان دەناشت و هەر بەردەوامیش بوون لەسەر خەباتی مەدەنی، بەڵام ئەگەر بە دیدێکی بێ لایەن بڕوانینە بارودۆخی ئێستای وڵات بزانین چی ڕوودەدات، دەبینین گەلی ڕاپەڕیوی سووریا ئێستا بۆتە پەناخوازو ئاوارەبوونەو زیاتر لە ملیۆنێك و دووسەد هەزار پەناخواز هەیە لە لوبنان و ژمارەیەکی زۆری دیکەش لە تورکیا و عیراق و ئوردن میسر و جەزائیر و دەوڵەتانی ئەوروپا هەن، ئەو شۆڕشە میللییە ئێستا بێ میللەتە!دەرئەنجام ئێستا بە ئاشکرا ململانێیی چەکداری هەیە لە نێوان هێزی ناوخۆو هێزی دەرەکیدا، لەنێوان ڕژێمی بەشار ئەسەد کە ڕوسیاو ئێران پشتیان گرتووە، هەروەها گرووپێکی دیکەی چەکداری کە سعودیەو قەتەر و ئەوروپا پشتیان گرتووە، من پێموایە شۆڕشی ڕەوای سووریا لەباربرا دوای ئەوەی شۆڕشی مەدەنی گۆڕا بۆ شۆڕشی چەکداری، هەر لەبەر ئەوەیە کە واتاو پیرۆزیی شۆڕشەکەش ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت کاتێ بوو بە گۆڕەپانی ململانێی نێوان گرووپە چەکدارەکان، هەر بۆیە لەوباوەڕەدام کە گۆماوی خوێن لە سووریا هەر بەردەوام دەبێت و هیچ لایەنێکیش ناتوانێت بە تەنیا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

**گۆماوی خوێن لە سووریا هەر بەردەوام دەبێت و هیچ لایەنێکیش ناتوانێت بە تەنیا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت**



## دکتۆر عامر حەسەن فەیاز بۆ ( گوڵان):

# بۆ ئەوەی بارودۆخی سوریا کاریگەری لەسەر عیراق نەبێت، گرنگە هەموو لایەک بەکردەیی هەنگاو بۆ فیدرالی و دیموکراتی هەڵبگرن

**پرۆفیسۆر د. عامر حەسەن فەیاز سەرۆکی بەشی سیاسەتە لەزانکۆی بەغدا و یەکێکە لە چاودێرە دیارەکانی عیراق، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای سوریا و کاریگەریی ئەم بارودۆخە لەسەر ناوچەکە و عیراق لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ (گوڵان) دەربڕی:**

((سەبارەت بەرووخانی رژێمی ئەسەد، لەگەڵ ئەوەی هیچ شتێك لە سیاسەتدا ئەستەم نییە، بەڵام رژێمەکەی ئەسەد ئەمڕۆ رژێمەکەی دوێنێ نییە، چونکە ئەو شمولیەتە رەهایەی کە رژێمی سوریا گرتوویەتیەبەر کە چەندینساڵیشە بەردەوامە نەیدەزانی کە دەرئەنجامی خراپتری لێ دەکەوێتەوە ئەویش سەرهەڵدانی شمولیەتێکی دیکەی بەرامبەر کە لەو زۆر خراپترە کە بریتییە لە شمولیەتی رەوتی ئیسلامی توندڕەو، کە ئەمەیان پرۆژەی دژ بە ئەمریکا و ئیسرائیل نییە لە ناوچەکە، چونکە بەرژەوندیی ئیسلامی توندڕۆ لەژێر پەردەی بەئیخوانکردنی دەوڵەت هەروەها لە عیراقیش لە ژێر پەردەی بە پێکهاتەکردنی دەوڵەت واتا دەوڵەتی پێکهاتەیی، ئەمانە شموولییەکانیان بە شێوەیەکە کە زۆر مەترسیدارترو کاریگەرترن لە شمولیەتی دەوڵەتانی عەلمانی. لەم چوارچێوەیەدا من پێموایە ململانێی ئێستای سووریا ناوخۆیی نییە، بەڵکو بۆتە ململانێیەکی نێودەوڵەتی، من ئەمە لە دوو بەرەدا دەبینم، یەکێکیان بریتییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئیسلامیی توندڕۆکان، ئەوانە لایەنێکی ئەو پرۆژەن کە مەبەستیان ئەوەیە ناوچەکە بکەن بە میرنشین و دەوڵەتۆکە کە بە پێی بەرژەوندیی خۆیان و دوور لە زیانی ئەوان بکەوێتەوە، لەهەمانکاتدا تەکفیرییەکان، بەرەی دووەم ئەوانەی کە بەرگری لەرژێمی ئەسەد دەکەن بریتین لە ئێران و حزبوڵڵای لوبنانی، بەڵام عیراق بە شێوەیەك لە شێوەکان ناچێتە ژێرباری هیچ کام لەو بەرانەوە، لەم دواییەدا ئەو مەسەلەیە رەهەندی دیکەی گرتەوە کە سەرنجی کوردی لە سوریاو لە تورکیا بۆ خۆی راکێشا، بەڵام گروپە تەکفیرییەکان کاتێ دەیانەوێ پرۆژە تاوانکاری و خوێناوییەکانیان جێبەجێ بکەن لە ئەنجامدا زیان دەگەیەنن بە بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستانی چ لە عیراق یان لە سوریا یاخود لە تورکیا هەروەها لە ئیران. سەبارەت بە کاریگەری ئەم بارودۆخە لەسەر عێراقیش، بێگومان وەك ئاشکرایە دوای ٢٠٠٣ عیراق بە ناچاری خرایە بەردەم دوو بژاردە، هەر یەکێکیان لەوی دیکە تاڵترو ناخۆشترە، یەکەمیان ئەوەی یان عیراق بێتە دەوڵەتێکی موحاسەسە، دوومیان کە ئەگەر یەکەمیانی قبوڵ نەبێت ببێتە دەوڵەتێکی تیرۆریست و پاشماوەی رژێمی پێشوو ئاژاوەو ئاشووب، بەڵام لەبیریان چووە کە بژاردەی سێیەمیش هەیە کە بریتیە لە بنیادنانی دەوڵەتی فیدرالی و مەدەنی و دیموکراتی، بۆیە دەبێ عیراق ئاگاداربێت لەوەی کە دوای ئەوەی رزگاری بوو لە دەوڵەتی بەعسیی فەرمانڕەوا، ئێستا بەرەو دەوڵەتی پێکهاتەیی و پشکایەتی دەچێت، ئەمەش مانای ئەوەی کە عیراق لە بژاردەی دووەم نزیك دەبێتەوە ئەویش دەوڵەتی تیرۆریستی و ئاژاوەیە، بۆیە پێویستە عیراق لە هەردوو بژاردە دووركەوێتەوەو دەبێت کوتلەکانی دەسەڵات چاك بزانن کە ئەمە بە زیانی ئەوان تەواو دەبێت، لە بەرئەوە پێویستە رووبکەنە دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێو خۆیاندا و بەرژەوندیی وڵاتەکەشیان لە بنیادنانی دەوڵەتی فیدرالی و دیموکراتیدایە چڕ بکەنەوە. ئەگەر لەم قۆناخە بەرپرسیارانە هەنگاو بۆ بژاردەی سێیەم هەڵبگرن کە دەوڵەتی فیدرالی و دیموکراتییە، ئەوا مەترسیەکان ئاسان دەرەوێنەوە، بەپێچەوانەشەوە بارودۆخەکە خراپتر دەبێت))

**گرووپە تەکفیرییەکان کاتێ دەیانەوێت پرۆژە تاوانکاری و خوێناوییەکانیان جێبەجێ بکەن لە ئەنجامدا زیان دەگەیەنن بە بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستانی چ لە عیراق یان لە سوریا یاخود لە تورکیا هەروەها لە ئێران**

**بەرژەوەندیی ئیسلامی توندڕۆ لەژێر پەردەی بەئیخوانکردنی دەوڵەت هەروەها لە عیراقیش لە ژێر پەردەی بە پێکهاتەکردنی دەوڵەت واتا دەوڵەتی پێکهاتەیی، ئەمانە شموولییەکانیان بە شێوەیەکە کە زۆر مەترسیدارترو کاریگەرترن لە شمولیەتی دەوڵەتانی عەلمانی**

# سەرژمێری دانیشتووان و بەربەستە بێ بنەماکانی



پ. جەمال ڕەسوڵ محەمەدئەمین*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**شارەزاو پسپۆر لەبواری ئامار**

تازەترین سەرژمێری کە لە عێراقدا ئەنجام درابێت ئەو سەرژمێرییە کرچوکاڵەیە کە لە ساڵی ١٩٩٧ دا ئەنجام درا؛ بەبێ بەشداری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. جگە لەوەش ئەو بارودۆخەی کە ئەوسا عێراقی بەسەردا تێدەپەڕی، زۆر بە راشکاوانە دەکرێت بووترێت کە ئەو زانیارانەی لەو پرۆسەیەدا کۆکرانەوە هیچ بایەخێکیان نەبوو کە پاش رزگاربوون لە گەشەپێدانی عێراقدا سوودیان هەبێت. هەروەها ئەو سەرژمێریانەش کە پێش ئەو ساتە ئەنجام دراون، سوودێکی ئەوتویان نییە بۆ ئێستای هیچ ناوچەیەکی عێراق لە گەشەپێدان و دارِشتنی پلانەکاندا، تەنها زانیاری بەسوود لەو گەمارۆسازییەوە دەکرێت بەدەست بێت کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ئەنجامدرا بە مەبەستی ئامادەسازی بۆ سەرژمێرییە چاوەڕوان کراوەکە کە لەبەر چەند هۆیەکی بێ بنەما و نازانستیانە پشتگوێخرا، ئەم پشتگوێ خستنەش دەکرێت بووترێت کە تەنها لە پێناو پشتگوێ خستنی چەسپاندنی ئەو بنەمایانەی کە کۆمەڵگای عێراقی بە زۆرینەیان دەنگیان لەسەر دا بۆ مانەوەی عێراق وەك کیانێکی سیاسی یەکگرتوو کە پێکهاتەکانی بە ئاسوودەیی تێیدا بژین بەبێ گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەتە شوومەکەی کە تا ئێستاش خەریکە سەری عێراق دەخوات.

**سوودەکانی سەرژمێری**

لەم زەمانەدا کە هەندێك پێی دەڵێن زەمانی عەولەمە، بنەمای هەر پلانێکی تۆکمەو بەرجەستەکردنی بە سەرکەوتووانە، بەستراوە بە ئاستی دروستی و باوەڕپێکراوی ئەو زانیاریانە کە دەکرێت بخرێنە بەردەست بۆ بەرژەوەندی گشتی و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و بەرەوپێشبردنی بە کەمترین تێچوو بە خێراترین کات و هێنانە دەرەوەی کە وڵاتی قەزاو قەدەر. ئاشکرایە ئێستا بەدەگمەن زانیارییەك هەبێت کە بکرێت لە کۆمەڵگا بشارێتەوە بۆ بنیادنان و بەرەو پێشبردن بێت یان نا. هەر چۆن لە گووگڵ ئێرزەوە دەکرێت زووم بخەیتە سەر هەر بەربەستێکی ئاو بێت یان پێنتاگون بێت یان هەرشوێنی دیکە بێت، دەکرێت وردەکارەکەی ببینیت بەبێ ئەوەی لە ماڵ بچیتە دەرەوە، بەڵام ئەگەر لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەلای ئەو شوێنەدە بڕۆیت، هێمای «وێنە گرتن قەدەغەیە» دەبینیت و ئەگەر هەوڵ بدەیت سەرپێچی بکەیت، بە باشی بەسەرتا ناشکێتەوە. بەهەمان شێواز کەسێك کە لە ئاستێکی زۆر کەمیشدا گرنگی بە عێراق دابێت، دەزانێت پێکهاتەکانی عێراق سوننە و شیعە و مەسیحی و

کەمە دیانەتەکانی دیکەو کورد و عەرەب و تورکمان و کەمە نەتەوایەتیەکانی دیکەی تێدایە و تێکەڵیەکی کەم وێنەیە لە ناوچەکەدا.

بە گشتی، هەر چەندە لێرەدا مەبەست لەوە نییە کە سوودەکانی سەرژمێری وەبیر کۆمەڵگا بهێنینەوە، بەڵام بە کورتی، گشت پلانەکان کە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری دادەڕێژرێن، بەبێ هەبوونی داتاو زانیاری باوەڕپێکراو و تێرو تەسەل، سەرکەوتنیان وەك دەڵێن خوا وەکیلی دەبێت و بڕیاردەرانیش نەك هەر بڕیارەکانیان بنەمایان نابێت، بەڵکو لاوازیش دەبن بەرانبەر ڕەخنەگیران هەردانوستاندنێك کە ڕووبەڕوویان ببێتەوە لە ڕێگای بە ئەنجامدانی پرۆسەکەدا و کارکردن بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە نوێنەرایەتی دەکەن.

### سەرژمێری وەك بارۆمەترێك

ئەگەر سیاسەتە کۆنەکان و ئەم سیاسەتانەی ئێستاش وا دەبینرێت بەرپا دەکرێن بەرەو سەرکوتکاری وڵاتەکەیان نەبردایە، چەند پیرۆز و بەسوود دەبوو ئەگەر بۆ نموونە، جیاوازییەکان لە پەروەردەکردنی منداڵدا لە بەینی ئەم نەتەوەو دیانەتە جیاوازانەدا ئاشکرا بوونایە و بەزانستیانە باشترین ڕێگایان دەستنیشان بکردایەو تەشەنەیان پێ بدایە بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا و ووردە ووردە لە یەك نزیکبوونەوەیان، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە سات بە سات لە تەمەنی عێراقدا لە یەك دوور خراونەتەوە کە ئێستاش گەیشتوتە ئاستێك گەڕانەوەی بۆ خاڵی دەستپێك ئاستەم بێت؟

ئەوەی جێگای داخە، لە ژمارە ٦١٣٨ی کوردستانی نوێی دا، وەزیری پلاندانانی عێراقی فیدراڵ ڕایگەیاندوە کە ئەوان ئامادەن سەرژمێری ئەنجام بدەن ئەگەر بڕیار و تەوافوقی سیاسی بەدەست بێت بە تایبەتی لەسەر شێوازی دارشتنی پرسیارێك دەربارەی خانەی نەتەوەیی، لێرەدا ئەگەر سوننەکان باوەڕی تەواویان بەوە نەبێت کە شیعەکان کار لەسەر گۆشەگیریان دەکەن و بە پێچەوانەوە ئەگەر شیعەکان لەو باوەڕەدا نەبن کە بە هەبوونی دەسەڵات سوننەکان شیعەکان گۆشەگیر دەکەن، کوردەکانیش نەزانن کە یەکەم کاری سوونەو شیعەکانی پێکەوە ئەوە دەبێت کە کوردەکان بگێڕنەوە بۆ ئەو دۆزەخەی کە سەددام چەسپاندبووی بۆیان لە تەمەنی حکومڕانیاندا، هیچ هۆیەك نابێت کە سەرژمێری بەو پەڕی تێروتەسەلی یەوە و بە هاوکاری گشت لایەنەکان ئەنجام نەدرێت.

یەکێك لەو دیاردانەی کە پێش بڕیاردان بە ئەنجام نەدانی سەرژمێرییەکەی کە لە ٢٠٠٩دا ئامادەکاری بۆ کرا، تەنها بە مەبەستی پەرشو بڵاوکردنەوەی نەتەوەی کورد، وەزیری پلاندانانی ئەوسای حکومەتی فیدراڵ داوای کرد کە شەبەك و فەیلیەکان ناویان زیاد بکرێت لەسەر ناوی نەتەوەکانی کە عێراقیان پێك هێناوە وەك ئەوان کورد نەبن و ناوی نەتەوەی کورد لە دەستووردا نەهاتبێت وەك نەتەوەیەکی سەرەکی. لە هەمان کاتدا، وەك یەکێك لەوانەی ئامادە بووم لەو دانیشتنەدا، کە لەهەمان ڕوانگەوە پێویستی ئەوەم پێشنیار کرد کە باش دەبێت ئەگەر ڕێگای سوونەو شیعەکانیش بدرێت کە بەمەزهەبەکانی خۆیان تۆمار بکەن، بەبێ وەستان لەسەر پێشنیارەکە جوابی دامەوەو فەرمووی: «انت تخلقلی مشاکل» واتە من کێشەی بۆ دروست دەکەم..!

لەناو گشت ئەو سەرژمێریانەی کە تا ئێستا لە تەمەنی عێراقدا ئەنجام دراون، لە وەی ساڵی ١٩٥٧ دا ئەنجام درا، پرسی نەتەوە دانرابوو بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەنجامەکانی بەدڵی حکومەتی ئەوسای عێراق نەبوو، پەردەی پێدا درا و هەر لەناو ئەرشیڤەکانی حکومەتدا مایەوە و نەیان هێشت هیچی لێ بڵاو ببێتەوە. وەك لە میدیاکاندا تۆمار کراوە، ڕێژەی کورد لە لیوای کەرکووك ئەوسا ٨٠٪ بووە (Aprim 2004): http://www.fredaprim.com/pdfs/2004/Assyrians%20and%20Kurds%20in%20Iraq.pdf).

لەو پرسیارانەی کە شایستەی هەڵوێستن، دەکرێت وا لێك بدرێتەوە کە ئەگەر ئەم چەواشەکاریانە ڕوویان نەدایە ئێستا عێراق ئاسوودەتر و پێشکەوتووتر نەدەبوو پێکهاتەکانی چاویان نەدەبڕییە یەکتری و لە یەك نزیکتر نەدەبوون؟ دەکرێت هەمان چەواشەکاری لەم زەمانی تەکنۆلۆجیایەی ئەمڕۆدا ڕێگای بدرێت بەردەوام بێت؟ ئەگەر جوابی ئەم پرسیارە خوانەخواستە بەڵێ بێت، عێراق بەرەو کام هەڵدێر مل دەنێت؟

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیری خۆمانی بهێنینەوە ئەوەیە کە بەئەنجامدانی سەرژمێرییەك بەبێ سانسۆر و بەبێ شاردنەوەی هیچ واتە هیچ زانیارییەك لەسەر نەتەوەو دیانەت و مەزهەب و قەبیلە و هەر زانیاریەکی کە، بارۆمەترێکی جۆریە لە دڵپاکی و ڕاستگۆیی و بەرنامە ڕوونی نیشان دەدات کە لایەنەکان بەرانبەر یەکتری و مەبەستی پێکەوەژیانێك کە چیتر چەوسانەوەی تێدا ڕوونەدات.دەکرێت دوارۆژی خۆمان بەدی بکەین لە ڕادەی کارکردنی لایەنەکانی کەی کە عێراقی ئەمڕۆیان پێکهێناوە، حکومڕان بن یان نا، بۆ شاردنەوە و چەواشەکاری لە بەدەستهێنانی زانیارییەکان دا بە تایبەتی ئەوخاڵانەی کە پەیوەندییان بە چارەنووسسازییەوە هەبێت.

* راوێژکار و پسپۆڕ لە بواری ئامار

**ئەو سەرژمێرییەی کەحکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٩٧ بەبێ بەشداری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دا هیچ ناوچەیەکی عێراق بۆ گەشەپێدان نەبوو**

**لە سەرژمێری ١٩٥٧کە پرسی نەتەوە دانرابوو ئەنجامەکەی بەدڵی حکومەتی ئەوسای عێراق نەبوو، هەربۆیە لەئەرشیڤەکانی حکومەت مایەوە**

**ئەنجامدانی سەرژمێرییەک بەبێ سانسۆری نەتەوەو مەزهەب و زانیارییەکانی تر باروەمەترێکە لە راستگۆیی و بەرنامەڕوونی نیشان دەدات**